هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتیە

لە دار الجماهیر دەرئەچێو
لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

نرخی (٣٠) فلسە
تەلەفون ٢٠٣٦٥

ژمارە (١٨٢) ٣١-٨-١٩٧٣

سەرۆك احمد حسن بکر پێشوازی وەزیری دەرەوەی کردوە

رۆژی ٢٩-٨ سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر لەبارەگاکەیانا لە کۆشکی جمهوری پێشوازی کاك مرتضی سعید عبدالباقی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشو وەزیری دەرەوەیان کرد ٠ کاك عبدالباقی بەسەردانێکی رەسمی چوو بو بۆ تورکیاو لەگەڵ کاربەدەستانی ئەنقەرە دەربارەی پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو وڵات گفتوگۆی کردبوو ٠

ئا٠د٠ع

سەرکۆمار بروسکەیەکی پیرۆزبایی لە جەنەرال دکتۆر پەناهیانەوە پێگەیشتوە

سەرۆك کۆمار کاك احمد حسن بکر بروسکەیەکی پیروزبایی لە جەنەرال دکتور پەناهیانی سەرنوسەری رۆژنامەی (راه اتحاد)ەوە پێگەیشتوە، دکتور پەناهیان لەبروسکەکەیدا وتویە :

« لە جیاتی رەنجبەروگەلانی چەوساوەی ئێرانو دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی راه اتحادو بەناوی خۆمەوە جوانترین پیروزباییتان لێ ئەکەم بەبۆنەی پێك هێنانی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز ٠

بەبۆنەی کۆنفرانسی دەوڵەتانی بێلایەنەوە لە جەزائیر :-

سیاسەتی بێلایەنی وخەبات کردن دژی ئیمپریالیزم وجەنگ و داگیرکردن ودەست درێژی

رۆژی ٥ی ئەیلول سەد دەوڵەت لە کۆنفرانسی دەوڵەتانی بێلایەن لەپایتەختی جەزائیردا ئامادەئەبن کە ٦٣دەوڵەتیان ئەندامی ئەم کۆنفرانسەنو ١٧دەوڵەتیشیان بەشێوەی - مراقب - ئامادەئەبن ٠

هەرچەندە کۆبوونەوەی دەوڵەتانی بێلایەن لە کۆنفرانسێکدا کۆن نییەو بەڵکو یەکەم کۆبونەوەیان لەشاری باندۆنگی ئەندەنۆسیا لە ساڵی ١٩٥٥دا بەست بەڵام بیروڕای بێلایەنی ، خۆی بیروڕایەکی کۆنەو لەگەڵ کۆمەڵگای ئادەمیزادا هاتۆتەکایەوە ٠ بەڵام لەمەیانی دەوڵەتاندا بەو دەوڵەتانە وتراوە بێلایەنن کە لەکاتی جەنگی نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتردا نەچوونەتە پاڵ هیچ لایەكو رێگای ئەوەشیان نەداوە هیچ دەوڵەتێکی شەڕکەر کەڵك لەخاكو رێگاو بانو سامانی دەوڵەتەکەیان وەرگرێت بەڵام دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی دنیاو ژێرکەوتنی ئۆردووگای فاشیزمو رزگاربوونی بەشێکی وڵاتانی دنیا لەرژێمی سەرمایەداریو هەندێکی تریش لەئیمپریالیزمو داگیرکردن ئیتر بەتەواوەتی بیروڕای بێلایەنی کەوتە قاڵبێکی سیاسی ترەوەو ناوەرۆکێکی تری گرتەخۆی جگە لەوەی ژمارەی دەوڵەتانی بێلایەن تائەهات زیادی ئەکردو جێگاو پایەشیان لەنێو گەلانی دنیابەرز ئەبووەوە ٠

ئەوی راستبێت کۆنفرانسی باندۆنگ لەهەموویان باشتر نەخشەی بیروڕای بێلایەنی کێشاو سنوری بۆ سیاسەتی دەوڵەتانی سەربەم بیروڕایە دانا کەلەو پێنج سەرەتایەدا خۆی ئەنوێنێ کەلەم کۆنفرانسەدا بڕیاریان لەسەردا ٠ ئیتر لەوکاتەوە ئەم بیروڕایە ئەگەرچی بەگشتی لەلایەن گەلانی دنیای سێیەمو وڵاتانی خاوەن سیستەمی سوشیالیستییەوە پەسندکراوە بەڵام هەمیشە لە لێکۆڵینەوەو باسکردندا بووە ئەمە جگە لەوەی هەندێ دەوڵەتی هەر بەناو خۆیان بەبێلایەن لەقەڵەم داوەو بەکردەوە هەمیشە دژی مەبەستو ناوەرۆکی ئەم بیروڕایە بوون ٠

پوختەی ئەم باسو لێکۆڵینەوانە لەمانای راستەقینەی بێلایەنی ئەدوێن هەندێك ئەڵێن : بێلایەنی مانای بێلایەنییە لەنێوان ئۆردوگای ئیمپریالیزمو ئۆردوگای سوشیالیزمداو هەندێکی تر ئەڵێن بێلایەنی مانای یەکێتی دەوڵەتانی سێیەمی دنیایە دژی ئیمپریالیزمو جەنگ یان ئەڵێن یەکێتی دەوڵەتانی خاوەن سیستەمی نیشتمانیو پێشکەوتنخوازە دژی ئیمپریالیزمو دەستدرێژیو جەنگو داگیرکردن وەلەپێناوی لەناوبردنی دواکەوتنو دامەزراندنی کشتوکاڵو پیشەسازییەکی پێشکەوتوو ٠ هەڵبژاردنو لێکدانەوەی ئەم رایانەش بەپێی باری سەرنجی کاربەدەستانو لێپرسراوانی ئەم دەوڵەتانە ئەگۆڕێتو هەریەکەو هەرلایە بەپێی دورو نزیکی لەقازانجی جەماوەری گەلەکەی خۆیەوە یان لەدەوڵەتانی سەرمایەداری گەورەوە بێلایەنی لێك ئەدەنەوەو سنوری بۆ ئەکێشن٠ وە هەندێ دەوڵەتی بەشدار لەکۆنفرانسی بێلایەنیدا هەر بۆ تێکدانی بێلایەنیو لاوازکردنی بەرەی تێکۆشانی گەلانو بەربەستی بزوتنەوەی دوژمنایەتی ئیمپریالیزم لەم کۆنفرانسانەدا ئامادەئەبن ٠

جابۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکی راستی ئەم باسە پێویستە هەندێ پرسیار بخەینەڕوو ٠ ئایا ئەبێ ئیمپریالیزمو سوشیالیزم وەك یەك لەتای تەرازوودا دابنرێنو ئەشێ دەوڵەتانی نیشتمانیو پێشکەوتنخواز لە دەوڵەتانی خاوەن سیستەمی سوشیالیستی راستەقینە بترسنو بسڵەمێنەوە؟ ئایا بێلایەنی هەر دورکەوتنەوەیە لەئیمپریالیزم یان تێکوشانە دژی ئیمپریالیزمو بنکەو سیاسەتو دەستدرێژیو دەزگا سیاسیو ئابوریو سەربازییەکانی ؟٠ یان ئەبێ دەوڵەتانی بێلایەن خۆیان لەخەباتی تێکڕای گەلانی دنیا دور بخەنەوەو ئایا بەم دورخستنەوەیە سەربەخۆیی سیاسیو ئابوری خۆیان بەهێزئەکەن یان لاوازو بەرەو لەناوبردنی ئەبەن ؟٠

بێگومان وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە ئەمان گەیێننە ئەنجامو مانای راستەقینەی بیروڕای بێلایەنیمان بۆ روون ئەکەنەوە ٠

مێژووی گەلان ئەوراستییەی روون کردۆتەوە کە رژێمی سەرمایەداری دوای کەمێك گەشەکردن کەوتۆتە پەلوپۆ هاویشتنو بەناوی بڵاوکردنەوەی شارستانیو لەناوبردنی دواکەوتنەوە وڵاتانی دواکەوتوو بچوكو لاوازی داگیرکردووەگەلانی ئەم وڵاتانەی چەوساندۆتەوەو بووە بەئیمپریالیزم چ بەشێوەی کۆن یان بەشێوەی تازە ٠

بڕوانە ل -٧-

سیهانۆك : پێش ساڵی ١٩٧٤ هەمووخاکی کەمبۆدیا رزگاری ئەبێت

سەرکۆمار سەرپەرشتی یەکەم کۆبونەوەی بەرەی نیشتمانی ونەتەوەیی پێشکەوتن خوازئەکات



هەڤاڵ احمد حسن بکر سکرتێری سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو سەرۆکی لیژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخوازسەرپەرشتی یەکەمین کۆبونەوەیلیژنەی بەرزی بەرە لە سەعات حەوتی ئێوارەی رۆژی ٢٨ی ئابی ١٩٧٣دا لەهۆڵی کۆبونەوەی کۆشکی جمهوریدا کرد ٠

نوێنەرانی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو نوێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ عزیز محمد سکرتیری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لەوکۆبونەوەیەدا ئامادە بوون ٠هەڤاڵ احمد حسن بکر لەسەرەتای کۆبونەوەکەدا وتارێکی خوێندەوە تیایدا باسی بایەخی مێژوویی ئەم کۆبونەوەیەی کرد کەخواستی خێرخوازی گەلی عیراقو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی لە خۆیدا ئەنوێنێو کە جەز بەهاوکاری ئەکەن لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئاواتی گەلو ئارەزوی نیشتمانپەروەرو نەتەوەییانەدا ٠ئەمەش بەوپێیەی کە یەکەمین کۆبونەوەی ئەو بەرەیەیە کە لەرێککەوتنی دوو پارتی تێکۆشەر پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو کۆمۆنیستی عیراق پەیدابووەوە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵكوهێزە پێشکەوتنخوازو بەشەرەفەکانی نیشتمانیعەرەبو دنیاوە بەدڵوگیان پێشوازی کرا ٠

هەڤاڵ بکر داوای لەئەندامانی لیژنەکە کرد کە لیژنەکانی تری بەرە دابمەزرێنن تاکو لەهەموو ئاستێکدا دەستبکەن بەکارکردنو ئەرکەکانی بەرەجێبەجێ بکەن هەروەها داوای لەئەندامانی هەردوو پارتی کرد کە گیانی هاوپەیمانیوبەرەخوازی لە هەموو کۆڕێکدا پتەوبکەنو هەروەها باسی مەترسی چالاکی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتداکرد کە تێ ئەکوشێت سیستەمی شورشگێڕیو هێزە شورشگێڕە هاوپەیمانەکان لەناوبەرێت ٠

ئنجا هەڤاڵ عزیز محمد باسی هەمان شتی کرد کە لەوتاری سەرۆکی بەرەدا باس کرابوو وەوتی : **تێکۆشەرانی هەردوو پارتی سورن لەسەر خەباتی ناوکۆیی لەچوار چێوەی خەباتێکی یەکگرتوی پتەودا بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی بەرە ، هەروەها وتی : لەوبڕوایەدایە کە هێزە شۆرشگێرەکانی وڵات ئەتوانن پیلانو نەخشەی هێزەکانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان پوچەڵ بکەنەوە٠**

لەم کۆبونەوەیەدا هەڤاڵان صدام حسینو عزت الدوریو عزت مصطفیو نعیم حدادو طارق عزیز وغانم عبدالجلیل لەجیاتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ئامادەبوون ٠ وە هەڤاڵان عزیز محمد وثابت حبیب وعامر عبدالله لەجیاتی پارتی کۆمۆنیستی عیراق ئامادە بوونوە کۆبونەوەکەش دوو سەعاتی خایاند ٠ لیژنەی بەرز لەم کۆبونەوەیەدا چەند بڕیارێکی دەربارەی دامەزراندنی لیژنەکانی بەرەو فرمانی داهاتوو چەند شتێکی تر دا ٠

دیسانەوە لیژنە داوای لەپارتی دیموکراتی کوردستان کردەوە کە وتووێژ دەست پێبکاتەوەو بێتە ناو بەرەوە ٠

هەروەها بڕیاریدا کە لەگەڵ کەسانی نەتەوە پەروەرو دیموکراتیخواز پەیوەندی ببەستن تائەوانیش بێنە لیژنەی بەرزو لیژنەکانی تری بەرەوە٠ بڕیاریش وایە بەم زوانە بەدوورو درێژی باسی ئەم کۆبونەوەیە بلاوبکرێتەوە ٠

ئا٠د٠ع

جەنگاوەرانی خلیج دوژمنیان شپرزە کردووە

هێزەکانی لەشکری رزگاری گەلو جەنگاوەرانی بەرەی رزگاری هێنەری عوممانو خلیج لەهەرێمی ظفار دەستی دلێرانە یان لەهێزەکانی دوژمن وەشاندوە ٠ بەیاننامەیەکی بەرە لەم رووەوە ئەڵێ جەنگاوەران پەلاماری سەربازگاکانی دوژمنیان داوەو ٣ سەربازیان لێ کوشتووەو لەژووروی صرفێت ٣ بنکەیان لێ کاول کردووە ٠ وە لە ٢٥-٨ جەنگاوەران بنکەکانی دوژمنیان توپباران کردووەو لەئەنجاما ٧ بنکە سوتاوەو ٨ سەربازی دوژمن بریندار کراوە ٠

پارتی کۆمۆنیستی چین

دەیەمین کۆنگرێسی خۆی ئەبەستێ

پەکین : ٣٠-٨ ئاژانسەکان شینخوا بڵاوی کردەوە کە پارتی کۆمونیستی چین لە ٢٤تا ٢٨ی ئاب دەیەمین کونگرێسی گرتوەو لەکۆنگریسەکەدا ١٤٨ نوێنەری ناوچەو هەرێمەکانی چینی تیادابەشداربوە ٠

کونگرێسە کە چەند بڕیارێکی گرنگی داوە ، لەمانە سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی سەرۆك ماوتسی تونگ بەسەرۆکی حزبو هەڵبژاردنی شوئن لایو وانگ هونگ وینو کانگ شینكو بەشین ینگ ولی تی شینگ بەجێگرانی سەرەك ماو ٠ هەروەها شانگ شون شاو بوە بە سکرتێری گشتی پارتی ٠

ئاژانسەکانی دەنگوباس وائەگەیەنن کەهاتنی ناوی شوئن لای راستەوخۆ لەدوای ناوی سەرۆك ماوەوە ئەوە ئەگەیەنی کەشوئن لای جێگری ماو ئەبێ ٠

شینخوا ئەڵێ : شوئن لای لەجیاتی کۆمیتەی ناوەندی راپۆرتێکی سیاسی پێشکەش بە کۆنگرێس کردوە ٠ هەروەها وانگ هونگ وین جێگری سەرۆکی لیژنەی شۆرشگێڕی هەرێمی شەنگهای راپۆرتێکی دەربارەی دەستورە تازەکەی کومیتەی ناوەندی پێشکەش کردووەو ناوی لین پیاوی وەزیری پێشوی بەرگری لە شوێنی جێگری سەرۆك ماو کوژاندوتەوە ٠ ئەوەی شایانی باسیشە نوهەمین کونگرێسی

پارتی کۆمۆنیستی چین لەنیسانی ساڵی ١٩٦٩ گیراو لین پیاو بە جێگری سەرۆك ماو هەڵبژێردرابوو ٠

کۆمپانیایەکی ئەمریکی نەوت لە خاکی میسر دەرئەهێنێ

قاهیرە : ٢٨-٨ ئاژانسەکان: کاك احمد عزالدین هلال وەزیری پەترۆڵو سامانی مەعدەنی میسر پەیمانێکی لەگەڵ کۆمپانیای (ترانس وۆرلدی) ئەمەریکایی مۆرکرد ، وە بەپێی ئەم پەیمانە کۆمپانیا ئەمەریکاییە کەلەناوچەیەکی ١٠٠کیلومەتری لەئاوی خلیجی سویسو ناوچەیەکی شەش هەزار کیلومەتری لەدۆڵی روباوی نیل بەشوێن نەوتدا ئەگەڕێ ، وە ماوەی پەیمانەکە چوار ساڵەو کەهاتوو نەوت دۆزرایەوە ئەوا بەرهەمەکەی بەنیوەیی بۆ هەردوولایان ئەبێ ٠ لەلایەکی تریشەوە لیژنەی ئابوری سەربە ئەنجومەنی گەلی میسر داوای کردوە کەلەکونفرانسی نەتەوەیی کە لەمانگی ئەیلولی ئایندەدا ئەگیرێ ئەوە بلاو بکرێتەوە کە لەمەولا میللی کردن لە میسردا نامینی ! لیژنە وتویە :- دەولەتدەستی بەسەر (ادوات)ی بەرهەمهێناندا گرتووە میللی کردن پیویست ناکات ٠

کۆنفرانسی وڵاتانی بێلایەن وباری ئێستای دەوڵەتان؟

جەزایر : ئاژانسەکان : رۆژی چوارشەممەی ئایندە ٥-٩ چوارەمین کۆنفرانسی بەرزی وڵاتانی بێلایەن لەشاری جەزایر ئەگیرێ٠ کونفرانسەکە چوار رۆژ ئەخایەنێو ٦٣ وڵات بەشیوەی ئەندامو ١٧ی تر بەشیوەی (مراقب) تیایدا بەشدار ئەبن ٠

بەرنامەی کاری کونفرانسەکە

وە لەو بابەتانەی کە لەکۆنفرانسەکەدا باس ئەکرێن بریتین لە چاوخشاندن بەو راپۆرتەی کە سەرۆکی سێیەمین کونفرانسی ئەم وڵاتانە ئامادەی کردوە لەگەڵ لێکولینەوەی رودوانەکانی ئەم دواییەو باری ئیستای دەوڵەتانو دەوری وڵاتانی بێلایەن لەسیاسەتی نێو دەوڵەتاندا سەرەڕای ئەو مەسەلە سیاسیو ئابورییانە پەیوەندی بەم وڵاتانەوە هەیە ٠

مەسەلە سیاسیەکان

لەومەیانەدا کونفرانسەکە هەوڵ ئەدات کە تەقەلای وڵاتانی بێلایەن یەکبخات لەپێناوی جێگیر کردنی ئاسایشو ئاشتی لەدنیادا لەگەڵ خاوکردنەوەی باری گرژبووی دەوڵەتانو پەیڕەوکردنی بیروباوەری بەئاشتی پێکەوە ژیان ٠

وەلەمەیانی مەسەلەی ئابووریدا بەرنامەی کاری کونفرانسەکە ئەڵی هەوڵ ئەدرێ باری ئابوریو کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە پێشبکەوێو وڵاتانی پێشکەوتوو بانگ بکرێن بۆ ئەوەی لەچاککردنی باری ئابوری وڵاتانی بێلایەندا بەشداری بکەن ٠

ئەنجام !

لەو رەخنانەی لەو کونفرانسەی جەزایر ئەگیری هەروەکو ئاگادارە سیاسیەکان ئەڵێن ئەوەیە کە لەبەرنامەی کاری کونفرانسەکەدا بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی دنیا بەبەشێك لەبزوتنەوەی شورشی دنیا دانەنراوە ٠ ئەو بزوتنەوەیەکە بریتییە لەسێ هێزی سەرەکی :

ئوردوگای سوشیالیستیو بزوتنەوەی چینی کریکارانی وڵاتانی سەرمایەدارو بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی دنیا ٠

سیهانۆك : ٩٠٪ خاکی کەمبۆدیا رزگارکراوە

پەکین : ٢٨-٨ ئاژانسەکان: بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە دلیرانەیەی شۆرشگێڕان لەم رۆژانەدا بەدەستیان هێناوە میر نۆردۆم سیهانۆك سەرۆکی شەرعی دەوڵەتی کەمبودیا نامەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی جەنگاوەران کردووە تیایدا وتویە تاوەکو ئیستا شۆرشگێڕان ٩٠٪ی خاکی کەمبودیایان لەژێر چنگی چەتەکانی لون نۆڵی دەستنێژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا رزگارکردووە ٠

سیهانوك وتویە : من دڵنیام لەوەی کە پێش ئەوەی ساڵی ١٩٧٤ بەسەربچێ هەموو خاکی کەمبودیا رزگارئەکرێت ٠ لەلایەکی تریشەوە ئاژانسی دەنگوباسی رزگاری ئەو بانگەوازەی بلاوکردەوە کە ٨هەزار گیراوی سیاسی لەبەندیخانەکانی دوورگەی کونداوئاراستەی لیژنەی سەرپەرشتی کارو رێکخراوی خاچی سوری دەوڵەتانیان کردوەو تیایدا داوایان لەئاشتیخوازانی دنیاکردووە کە دەنگی نارەزایی دەربرین بەرزبکەنەوەو داوابکەن کە رێژیمی سایگون ئەوگیراوە سیاسیانە بەرەڵلا بکات ٠

کوژرانی «٥» ئەفسەر لەئێران

هەفتەی رابوردوو لەتاران بلاوکرایەوە کە لە ناوچەی شالوس لەنزیك دەریای قزیون فروکەیەکی لەشکری ئێران کەوتۆتە خوارەوەو ٥ ئەفسەری تیادا کوژراوە ٠ بەڵام هۆی کەوتنەخوارەوەی فروکەکە باس نەکراوە ٠

لەلایەکی تریشەوە رۆژی ٢٩-٨ ئەمیرعباس هویدای سەرەك وەزیرانی رێژیمی تاران دوو وەزیری لەوەزارەتەکەیا لابردوو دووانی تری هانیوە ٠ وەزیرە تازەکان ئەمانەن : جواد شهرستانی کەلەمەوبەر ئوستانداری کرماشان بوو لەجێگای حسن شلشیان دانراوەو بوە بە وەزیری هاتووچۆو ئەوی تریان مانوسیدی شاقولی لەجێگای حسین کازمزادە بوەبە وەزیری زانستیو خوێندنی بەرز ٠ هەروەها انوشیروان بویان کراوەبە وەزیری تەندروستی ٠

باڵیۆزخانەی کوبا لەبەغدا

ئێوارەی چوار شەممەی رابوردوو سێ کاربەدەستی حکومەتی کوبا بە سەردان هاتن بۆ عیراق ، بۆ گەڵاڵەکردنی کاروباری پیویست بە کردنەوەی بالیوزخانەی کوبا لەبەغدا ٠ ئەوەی شایانی باسیشە ماوەیەك لەمەوبەر عیراق بالیوزخانەیەکی لەکوبا کردەوە ٠

institutkurde de paris

هەفتەی باسێک

پیاچوونەوە بە تاقی کردنەوەی ژێر کەوتوودا گەلی فەلەستین بەئامانج ناگەیەنێت

لەم ڕۆژانەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پێشمەرگەکانی فەلەستین بڵاویان کردەوە کە بە هیچ جۆرێک ئامادە نین لەگەڵ ڕێژیمی مەلیک حسەیندا ئاشت ببنەوەو تاوانەکانی ڕابوردووی ئەم مەلیکە نۆکەرەی ئیمپریالیزم لەبیر جەماوەری خەڵکی عەرەب ببەنەوە .

گومانی تیا نی یە کە پێشمەرگەکانی فەلەستین ئەبێ هەر ئەم ڕێبازە بگرنەبەر بەرامبەر ڕێژیمی مەلیک حسەین کە شان بەشانی تاوانکارە سەهیونی یەکان و ئیمپریالیزمی ئەمەریکا دوژمنایەتی گەلی فەلەستین و بزوتنەوە ڕزگاری هێنەرەکەی کردووەو ئێستاش هەر لەسەر هەمان ڕێگا سوورو بەردەوامە . ئەوەتا لەکاتێکدا کە هەندێ سەرکردەی دەوڵەتانی عەرەب خەریکی وتوێژکردنن لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئەردەندا بەنیازی پێک هێنانەوەی بەرەی ڕۆژهەڵات « الجبهه الشرقیه » ، حکومەتی ئەردەن ڕێگای دا بە لەشکری ئێرانی بنکەی سەربازی لە « مفرق » دابمەزرێنێت و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەمەریکا خەریکی سازکردنی ڕێککەوتننامەیەکە لەگەڵ ئیسرائیل و دامەزراندنی بەناو مەملەکەتی عەرەبی یەکگرتوو لەئەردەن و بەشێک لەخاکی فەلەستین .

بۆیە خەبات کردن دژی ڕێژیمی شای ئەردەن بووە بە بەشێکی لەجیاکردنەوە نەهاتوو لە خەباتی گەلی فەلەستین دژی ئیسرائیل و ئیمپریالیزم و داگیرکردن . سەرکردەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری هێنەری فەلەستین کە خوێنی شۆڕشی فەلەستینن و لەهەموو لایەکی تر زیاتر دڵیان بەگەلەکەیان ئەسوتێت و دڵسۆزی بزوتنەوەکەن ، بە تاقی کردنەوەی ڕابوردووی خۆیان ئەو ڕاستییەیان بۆ ساغ بۆتەوە کە لەهەموو ساتوسەوایەکدا لەگەڵ کۆنەپەرستانی عەرەبدا هەر نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازان دووچاری زەرەروزیان بوون و ئەو ساتوسەوایانە بوون بە سەرپۆشی پیلان و نەخشەی دوژمنانەی کۆنەپەرستانی عەرەب و وەک تلیاک دەرخواردی جەماوەری گەلی عەرەب دراوە .

هەروەکو تاقی کردنەوەی ساڵانی دوای ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٧ دیسانەوە ئەو ڕاستییەی ساغ کردەوە کە خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێرانەی پشت بەستوو بە جەماوەری شۆڕشگێری گەلی تاقە ڕێگای سەرکەوتنە ، سەبارەت بەوەی کە تەنیا ئەو جەماوەرە ئامادەیە دڵسۆزانەو بەدڵ و بەگیان بێتە کۆڕی خەباتی ڕاستەقینەوە دژی دوژمنان و زۆرداران و چەوسێنەرەوان .

بۆیە پێویستە لەسەر هەموو هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب پشتیوانی ئەم بۆچوونە ڕاستەی بزوتنەوەی شۆڕشگێری گەلی فەلەستین بکەن و بچن بەگژ هەموو ساتوسەواو ڕێککەوتنێکی گومان لێ کراوا لەگەڵ ڕێژیمە کۆنەپەرستەکانی عەرەبی سەر بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزمدا .

ا،و،ب

سەربەستی ئافرەت

چۆن ئافرەت لەڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە سەربەست ئەبێت .. !؟

شاهۆ بەدەستکاری یەوە لەگۆڤاری - الهدف -ەوە کردویتی بە کوردی

-٤-

چوونەوەیەک بەمێژووی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی داو دراسە کردنی سروشت و چۆنیەتی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لەهەر قۆناغێکدا ، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و بایەخدارمان بۆ ئاشکرا ئەکات ، ئەویش ئەوەیە : سەربەستی ئافرەت لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ، بەستراوە بەگۆڕانی خاوەنداریتی یەوە لەتایبەتی یەوە بۆ گشتی ، بەمانا بەرپاکردنی شۆڕشێکی پشت بە ستوو بەگشت هێزە چەوساوەکانی کۆمەڵ ، تاوەکو بەدەورە مێژوویی یەکەی خۆیان هەڵبستن و ڕزگاری تەواو وەدەست بهێنن .

ئەنگلس ئەڵێت « ... تێگەیشتنی ماتریالیزمی لەبارەی مێژووەوە ئەوەیە ، بەرهەم هێنان و ئاڵ و گۆڕکردنی بنچینەی ڕژێمی کۆمەڵایەتی یەو شێوەی دابەش کردنی لەکۆمەڵدا جیاوازی چینایەتی و شێوەی بەرهەم هێنان ئەخاتە ڕوو .

بۆیە ناتوانین بە شوێن ئەوهۆیانەدا بگەڕێین کەلەمێشکی خەڵکی دان و ئەبنە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ، چونکە هۆیەکان لەناخی شێوەی بەرهەم هێنان و چۆنیەتی ئاڵ و گۆڕکردنی بەرهەم دایە . ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە هەموو گۆڕانێک بەشوێنیاندا ، ئەبێت لەمەیدانی ئابووری سەردەمی دراسە کراوابێت نەک لەمەیدانی فەلسەفەی ئەو سەردەمەدا .. »

ئەنگلس ، بە شێوەیەکی زانستی یانە پێمان ئەسەلمێنێ ، کە گشت گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی بەندە بەشێوەی بەرهەم هێنانەوە ، لەلایەکی ترەوە ئەو پەیوەندی یەش ئاشکرا ئەکات کە چۆن پیاو لەکۆمەڵی بۆرژوازیدا ، ئامرازێکەو ئەخرێتە گەڕ بۆ بەرهەم هێنان و ئافرەتیش ئامرازی بەرهەم هێنانی پرولیتاریایە کە هەمیشەو بەردەوام کۆمەڵی سەرمایەداری لەپێناو پەرەپێدانی بەرهەم و زیادکردنی سوودو قازانجی خۆیا پێویستیەتی .

بەڵام شێوەی پەیوەندی ئافرەت بە ئامرازی بەرهەم هێنانەوە جیاوازە لەگەڵ پیاودا ، چونکە ئەو پەیوەندییانە ئەوەی پێ بوونی سەربەستی لەئافرەتیان زەوتکردووەو بگرە کردیانەتە کۆیلەو ئامرازێکی چەوساوە . بۆیە باروزروفی ئافرەت بەپێی لێکدانەوەی چینایەتی ئەوەیە ، کە هەرچەندە لەکۆمەڵی بۆرژوازیدا شێوەی چەوسانەوەیان لەگەڵ پرولیتاریادا جیاوازە ، بەڵام لەدوا لێکدانەوەدا بۆمان ئاشکرا ئەبێت کە لەڕووی چەوساندنەوەوە لە ئاستی پرولیتاریادان .

ئارنست ماندل ئەڵێت « ... زروفی پرۆلیتاریا لەکۆمەڵێکدا کە لەسەر بناغەی بەرهەم هێنانی کەل و پەل سەرمایەدارانە بنیات نرابێت ، مانای بێ دەسەڵاتیی لەوەی ببێتە خاوەنی ئامرازی بەرهەم هێنان ، بۆیە بەناچاری یەوە هێزی بازووی بەنرخێک ئەفرۆشێ کە پێویستی یە سەرەتایی یەکانی ژیانی خۆی و خێزانەکەی پێ مسۆگەر بکات و لە برسا نەمرێت و درێژە بەژیانی بدات . ئەمەیە (تعریف)ی تەواوی پرولیتاریا . واتە لەلایەک کرێکارەکە خۆی ، لەلایەکی تر ، ئیش و بەرهەمی ئیش و گشت ئەو زروفانەی پرولیتاریا تیایا گوزەران ئەکات . بەکورتی مانای دارۆشینی مرۆڤە لەلایەن مرۆڤەوە ، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ڕادەی کارکردن و بەکارهاتنی کرێکارەکەو توانای بەکارهێنان و کڕینی ئەو شتانەی بۆ ژیان پێویستی یە ڕەچاو بکرێت .. »

ئەنجامی ئەمەش ، پرولیتاریا بەتەواوی لە ئامرازو کەرەستەی بەرهەمهێنان جیا ئەبێتەوەو دوچاری چەوسانەوە دێت ، بەڵام ئەوەی پتر ئەچەوسێنرێتەوە خێزانی کرێکارەکەیە ، چونکە سەرمایەدار لەیەک کاتدا کرێکارو ژنەکەی ئەڕووتێنێتەوە .. کەوابوو ئافرەت لەلایەک بەرەنگاری چەوسانەوەی سەرمایەدار بووە ، لەلایەکەی ترەوە تووشی چەوسانەوەی هاوسەرەکەی . جا لەبەرئەوەی گشت ئەو کارو فرمانەی ئافرەت ئەنجامی ئەدات لەناومال دا ، نرخی کەل و پەلی نی یەو لەبازارا ئاڵ و گۆڕی پێ ناکرێت ، کۆمەڵ هیچ نرخێکی بۆ دانانێ .

ماندل لەم بارەیەوە ئەڵێت : « .. کەل و پەل - السلعە - ئەو بەرهەمەیە بەنیازی ئاڵ و گۆڕکردنی لەبازاردا دروست ئەکرێت ، بە پێچەوانەی ئەو بەرهەمەوە کەبۆ بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ - الاستهلاك المباشر - دروست ئەبێت . بۆیە پێویستە هەموو کەل و پەلێک نرخی بەکارهێنان و ئاڵ و گۆڕکردن - القیمة الاستعمالیة والقیمة التبادلیة - ی هەبێت ، گەر وانەبێ کەس هەڵپەی کڕینی ناکات و بەرهەمێکی بێ کەڵکەو ئاڵ و گۆڕی پێ ناکرێت و بگرە ئەزۆکیشە .. تا ئەڵێت .. بەرهەم هێنانی کەل و پەل مانای گەشەکردنی نرخی ئاڵ و گۆڕکردنی ، کە لە کۆمەڵی سەرمایەداری دا گەیشتۆتە ڕۆپە .. کاروفرمانی ناومالیش ، ئەگەرچی ئەرکێکی زۆری بۆ بەخت ئەکرێت ، تەنیا نرخی بەکارهێنانی هەیە . بۆنموونە لێنانی شۆربایەک ، چنینی پارچەیەک جل و بەرگ ، خۆی لەخۆیدا بەرهەمە بەڵام لەبەرئەوەی بە مەبەستی فرۆشتن دروست ناکرێت نرخی ئاڵ و گۆڕکردنی نی یە . بەکورتی بەرهەمهێنانی کەل و پەل و ڕێکخستنی و بڵاوکردنەوەی بووە هۆی ئەوەی لەبنچینەوە ئیشی پیاو و شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵ بگۆڕێ .. » هەرچەندە بەڕێوەبردنی ماڵ و پەروەردەکردنی مناڵ ئیشێکی زۆری گەرەکە و کاتێکی زۆری ئەوێت و بگرە لەخانەی پێویستی یەکانی خێزاندا دائەنرێن ، بەلام لەبەرئەوەی هەموو ئەو کاروبارانە لەچواردیواری ماڵ ناچێتە دەرێ و لەبازارا سەواوی پێ ناکرێت ، هیچ نرخێکی ئاڵ و گۆڕکردنی نی یە . بەپێچەوانەوە ، کارکردنی ئافرەت لەدەرەوەی ماڵدا ، ئەبێتە هۆی پێکهێنانی بەرهەمێک نرخی ئاڵ و گۆڕکردن و بەکارهێنانی هەیە .

جا هەرچەندە بەشداریی ئافرەت لەبەرهەم هێناندا و لەسایەی ڕێژیمی سەرمایەداریدا مانای بەتاڵان بردنی ڕەنج و تەقەللایەتی ، بەڵام لەسەرێکی ترەوە مایەی دەربازبوونیەتی لە چواردیوارەکەی ماڵ . بۆیە ئافرەت مەرجە یەکێک لەو دوو ڕێگەیە هەڵبژێرێت ، یان ئیش کردن و بەرهەم هێنان لەکارگەدا ، یان پەروەردەکردنی مناڵ و بەڕێوەبردنی کاروباری خێزان ، ئەگەرچی ئیش کردنی لەکارگەداو لەسایەی ڕێژیمی بۆرژوازیدا مایەی چەوسانەوەیەتی ، بەهۆی ئەو جیاوازییەی لەنێوان مووچەی ئەو مووچەی پیاودا ئەکرێت و بەهۆی پەسەندکردنی بەرهەمی پیاوەوە ، ئەڵێین مەرجی سەرەکی و بنەڕەتی بۆ ڕزگاربوونی هەرئیش کردنە ، چونکە لەهەردوو حاڵەکەدا ئیش وفرمانی ماڵ و بەڕێوەبردنی ئەرکێکە وا بە ئەستۆیەوە ، بەتایبەتی لە کۆمەڵێکدا پیاو بەچاوێکی سووک بڕوانێتە ئەو فرمانەو بەنەنگی بزانێت بەشداریی لەپێکهێنانیاندا بکات . کەوابوو ، چەند ئافرەت کار بکات و شان بەشانی پیاو بەرهەم بهێنێ لەکۆمەڵی سەرمایەداری دا ، هێشتا لە پیاو چەوساوەترەو هەمیشە لە سایەی ئەو ڕێژیمەدا ئەبنە لەشکرێکی ئیحتیاتی بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییان . بەوجۆرە ئافرەت لەکۆمەڵی بۆرژوازیدا ، ئەکەوێتە ژێرباری دوو جۆر چەوسانەوەوە ، چەوسانەوەی - بطریرکی - و چەوسانەوەی سەرمایەداری .

مەسەلەی سەربەستی ئافرەت شتێک نی یە بەتەنیا بەستراوبێت بە بەشداری کردنەوە لەبەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ، بەڵکو بەندە بەهاوبەشیەتی کردنیەوە لەخەباتی سەختی شۆڕشگێڕانەدا بۆ گۆڕکردن و ڕامالینی ڕێژیمی سەرمایەداری ، بەواتەیەکی تر سەربەستی ئافرەت لەڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە توندوتۆڵ گرێدراوە بە سەرکەوتنی شۆڕشی پرولیتاریاوە . چونکە کردنی ئامرازە بەرهەم هینەرەکان بەموڵکی گشتی ، بەتەنها ناکۆکی نێوان ئافرەت و پیاو پاکۆنادات و پیاویش بەشێکە لەبیروڕاو لێکدانەوەی کۆمەڵ و ڕێژیمی بۆرژوازی گۆڕکراو . لەبەرئەوە تاماوەیەک پیاوان باری سەرنجیان بەرامبەر بەئافرەت بەو شێوەیە ئەبێت .

ئەنگلس ئەڵێت « پیاو لەناو خێزانادەوری بۆرژوازی و ژنیش دەوری پرولیتاریا ئەبینێت ..»

چونکە پیاو پێ بەپێی یاساو نەریتی بۆرژوایانە مامەڵەی ئافرەت ئەکەن ، لەبەرئەوە مەرجێکی بنچینەیی یە ئافرەتان شان بەشانی خەباتی چینایەتی، لەخەباتی دیموکراسی یانەشدا بەشداریی بکەن بۆ زامن کردنی مافە مرۆڤایەتی یەکانی یان و بۆ چەسپاندنی یەکسانی تەواو لەتەک پیاواندا .

لێرەدا پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین ، کە هەرچەندە ڕامالینی ڕژێمی سەرمایەداری تاڕادەیەکی زۆر مەسەلەی ڕزگاری ئافرەت نزیک ئەخاتەوەو ئاسانی ئەکات بەڵام ناتوانی خوورەوشتی - بطریرکی - لەناوبەرێت ، چونکە نەریت و ڕەوشتی بطریرکی بەندن بەبوونی خێزانەوە . بۆیە ئەرکێکی بنچینەیی یە کە ڕژێمی سۆشیالیستی لەڕووتی گەشە کردن و چونە پێشەوەیدا هەوڵی نەهێشتنی خێزانی بطریرکی بدات و لەجێی ئەوە خێزانی گەورەی کرێکاران بنیات بنێت ، تەنانەت لە کۆمەڵی سۆشیالیستیدا کە بۆ ئیجگاری خێزانی دەرەبەگی لەناوبرد تائێستا نەیتوانیوە بەتەواوی خێزانی - بطریرکی - ئەفروتونا بکات . کەوا بوو تاوەکو خێزانی بطریرکی لەئارادا بێت ناکۆکی نێوان ئافرەت و پیاو هەرئەمێنێ .

ئەنگلس لەم بارەیەوە ئەڵێت « ... مەرجی یەکەم بۆ ڕزگار بوونی ئافرەت بەشداری کردنیەتی لە بەرهەمهێنانی گشتیدا ، بەتایبەتی ئەو پیشەسازییە [illegible] ئەدات ژمارەیەکی زۆر لەئافرەتان بەشداری تیا بکەن بەڵکو زۆریش پێویستی یە ، لەهەمان کاتیشدا هەوڵ ئەدات بۆ گۆڕینی ئیشوکاری ناوماڵ بەپیشەسازی گشتی .. ئەنگلس لەسەر ئەم باسە ئەڕوات و ئەڵێت .. لەمەوە

بڕوانە ل ٧

فڕاندنی کیم دیا زونگ گەلی کۆریای خوارو ناترسێنێ

گەلی کۆریاو هەموو گەلانی پێشکەوتنخواز لە جیهاندا و لەسەرووی هەمویانەوە گەلی ژاپۆن ناڕەزایی و تووڕەیی توندی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر کردارە ناڕەواکەی جاسوسەکانی سیئۆل کاتێ کە لە مانگی ئابی ڕابوردوودا (کیم دیا زونگ)ی دیموکراتی خوازی ناسراوی کۆریایان لە شاری تۆکیۆدا فڕاند .

ئەم ڕووداوە بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەو سیاسەتە توندو تیژە ناڕەوایەی کە کاربەدەستانی کۆریای خواروو دژی نیشتمان پەروەرانی کۆریای خوارو بەرپای دەکەن ، شتێکی ئاشکراشە کە حوکمڕانە خوێنڕێژەکانی کۆریای خواروو بەشێوەیەکی دڕندانە دەچن بەگژ هەموو بزواتنەوەیەکی دیموکراتیانەو هەموو چەکێکی کوشندە لەم ڕێگایەدا بەکار دەهێنن بۆ دەمکوت کردنی ئازادیخوازانی کۆریاو ئەوانەی بڕوایان بە یەکێتی نیشتمان هەیە .

لەکاتێکدا بەکرێ گیراوان (کیم دیا زونگ)یان فڕاند دەنگی ناڕەزایی دەربڕین لە هەموو لایەکەوە بەرزبوەتەوە دژی دروست کردنی دوو حکومەت بۆ گەلی کۆریا لەلایەن ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو ژاپۆنەوە ، وە لە کاتێکدا کە خەباتی گەلەکەیان لە پەرەسەندندایە لەپێناوی یەکێتی خاکی نیشتماندا .

(کیم دیا زونگ) بۆیە ولاتی بەجێ هێشت چونکە سوور بوو لەسەر بڕوباوەڕی نیشتمان پەروەرانەی خۆی و ئەیویست ڕژێمێکی دیموکراتیانە لە کۆریای خوارووادا دامەزرێ، ئەمەش بە دڵی حوکمڕانەکان نەبوو و ئەوە بوو ناچار چوە دەرەوەی ولات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە تێکۆشانیدا .

ئەم ڕووداوە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە هەموو پێشکەوتنخوازەکان [illegible] ، ئەویش نەخشەکێشانی بەردەوام بۆ بەردەوام بوونی مانەوەی دوو دەوڵەت لەکوریادا کە ئەمەش هەر هیچی پێ ناوترێ .. بە نیشتمان فرۆشی و خیانەت کاری دەرهەق گەلی کۆریای خواروو دەدرێتە قەڵەم .

ئەمجارە فاشیستەکانی کۆریای خواروو پەنجەی خوێناویان درێژ کردە دەرەوەی سنوورو پیاوەکانی خۆیانیان ناردە سەر مرۆڤێکی دیموکراتی خواز کە لە ولاتی ژاپۆنا دەژی ... ئەم ڕووداوە جارێکی تر ڕووی نابوت و ڕەش و دڕندانەیان پیشان دەدات .

بەڵێ .. جاسوسەکانی ئەم مرۆڤە نیشتمان پەروەرەیان لە ناوەڕاست پایتەختی ژاپۆندا فڕاند ..

ئەو دەوڵەتەی کە گوایە یاسا تیایا هەموو شتێکە .. وە ئەبوو ناوبراو بپارێزرایەو نەهێڵرایە بەو چەشنە بیفڕێنن ئەم کەم تەرخەمی و گوێ نەدانەی حکومەتی ژاپۆن ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە ڕژێمی ژاپۆنیش هاوکاری دەگەڵ فاشیستەکانی کۆریای خوارووادا دەکات و دەستی لەو کردارە ناڕەوایەدا هەبووە و لەهەمان کاتدا ئەوەش دەردەکەوێ کە هیچ شتێکی سەیر نی یە حوکمڕانەکانی ژاپۆن پشتگیری ولات فرۆشەکانی کۆریای خواروو بکەن و ئیمپریالیزمی ژاپۆن خەریکە دیسانەوە ڕێگا خۆش دەکات بۆ داگیرکردنەوەی کۆریاو بۆ ئەم مەبەستەش بە گشت شێوەیەک هاوکاری دەگەڵ نیشتمان فرۆشانی کۆریای خواروو دەکەن کە بەرژەوەندی مانەوەی کۆریا بەچەشنە کەرت کەرت کراوەی یەکیان دەخات و کۆیان دەکاتەوە کۆنەپەرستانی ژاپۆن ڕاستەوخۆ بەشدارییان لەو کردارە ناڕەوایەی سیخوڕەکانی کۆریای خوارووادا کردوە هەر چەندە وای بڵاو دەکەنەوە کە گوایە ئاگایان لەمەسەلەکە نەبووە و گوایە حکومەتی کۆریای دیموکراتی میللی دەستی لە فڕاندنەکەدا بوە .

ئینجا لە پاش ئاشکرابوونی تاوانکاریەکە .. هەرکێ [illegible] لە توانای کۆنەپەرستانی ژاپۆن و فاشیستەکانی کۆریای خوارووادا نابێ کە دەست تێکەڵاویان و نەخشەکێشان بۆ کردارەکە لەبەردەم جەماوەری گەلدا بشارنەوە ، هەرچەندە فڕوفێڵ و بیانووی سەیر سەیریش بهێننەوەو وا پیشان بدەن کە گوایە ئاگایان لە هیچ نی یە .

لە عەرەبی یەوە کراوە بەکوردی

قاتڵی خەڵکی بێ تاوان کێیە؟

نووسینی : غالب

ڕۆژی جومعەی ڕابردوو ڕۆژنامەی تاران بڵاوی کردەوە کە دوو نەفەر « خەزاپکار» لە شاری ئابادان ترومبێلێکی کرێیان ڕفاندوەو کاتێک پۆلیس لێیان وەگومان کەوتوەو فەرمانی ڕاگرتنی ترومبێلەکەی پێداون گوێیان نەداوەتێ . لەناو شاری ئابادان لەوترومبیلە دابەزیون و داوای ترومبیلیان لە شۆفێرێکی تر کردوە ، کاتێک شوفێر ئامادە نەبووە ترومبیلە کەیان بداتێ و پۆلیسیش دەوروبەری گرتوون ، بە نارنجۆک و دەمانچە کەوتوونە شەڕو لە پاش شەڕێکی سەخت کە زیاتر لە دووکەسی تێدا کوژراوەو زیاتر لەسی کەسی تێدا بریندار بووە کە حاڵی ١٦ کەسیان شپرزەیە ، یەکێکیان ڕای کردوەو ئەوی تریان بەنارنجۆکێک خۆی کوشتوە . ڕادیۆ تاران هەروەها ڕایگەیاند کە لەناو کوژراو بریندارەکاندا ژمارەیەکی زۆر منداڵ و پیرو پەککەوتە هەیەو هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دا کە تاوانی کوژران و بریندار بوونی خەڵکی بێ دیفاعی ناوبازارو منداڵ و پیری لەکارکەوتوو بخاتە ئەستۆی ئەو دووخەباتکەرە .

لێرەدا ناچارین نەختێک لە مەسەلەکە ورد بینەوەو بزانین هۆی ڕوودانی ئەوجۆرە پێشهاتە چیەو تاوانبار لە کوژرانی خەڵکی بێ گوناەدا کێیە ؟ پێویست بە دووپاتە کردنەوە نیەو هەموو خەڵکی دنیا باش دەزانێ کە دیکتاتۆری پاشایەتی لە ئێران هەموو ماڤێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی دانیشتوانی ئێرانی بەهەموو نەتەوەو کەمایەتییەکانیەوە خستۆتە ژێر پێ و ئیمکانی هەرچەشنە خەباتێکی ئاشکراو قانوونی لە خەڵک بڕیوە . لە ئێران وەڵامی هەموو داخوازێکی ڕەواو بەهەقی خەڵک بەگرتن و کوشتن و زیندان و ئەشکنجە دەدرێتەوە . ئەوەزی ڕژێمی شایە کە خەباتکەرانی ئێرانی ناچار کردوە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان لەدەست پەلاماری دڕندانەی پۆلیس و چڵکاوخۆرەکانی ساواک دەست بۆ چەک بەرن ، تا بەقەولی یەکێک لەشۆڕشگێڕەکانی ئێران نەبن بە قوربانیەکی بێ ئازار . ئەمجارەهەر ڕژێمی حەمەڕەزاشایە کە ڕێگای خەباتی چەکداری بۆئەستاندنەوەی مافە بێ شێل کراوەکان بەزۆر بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاندوەو بۆهیچ کەس گومانی نەهێشتۆتەوە کە «مست لە مستێ دەگەڕێتەوە »و « جوابی ئەحای پەحایە » .

بێینەوە سەر باسی پێشهاتەکەی هەفتەی ڕابردوو . ئەو جۆرە ڕووداوە لە ئێرانداشتێکی تازە نین، لەوسێ ساڵەی دوایی دا بەدەیان جار پێشهاتی وا لە نێوان شۆڕشگێرانی ئێران و بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی شادا ڕووی داوەو زۆر جاریش ڕێ کەوتوە کە خەڵکی بێ تاوانی بازاڕو کوچەو کۆڵان وەبەر بکەوێ و گیانیان تێدا بچێ . بەڵام شتێکی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە هیچ کاتێک شۆڕشگێرەکان لوولەی چەکەکانیان نەگرتۆتە سنگی خەڵکی بێ دیفاع و دانیشتوانی شارەکان کاتێک شۆڕشگێڕانی ئێران بۆ دیفاع لە مافی زەوت کراوی ئەوخەڵکە دەستیان داوەتە چەکێ ئیتر چۆن ئیمکانی هەیە چەکەکانیان لەدژی ئەوان بەکاربێنن .

ئەوە پۆلیسی دژی گەلی ئێ ا وجەلادەکانی سازمانی ئەمنیەتی حەمەڕەزاشان کە هەرکاتێک چووکترین بەربەرەکانیەکیان چاو پێ کەوت ڕاست و چەپ وێکڕا دەدەنە بەرو وشک و تەڕ پێکەوە دەسووتێنن . ئەوەڕێزی شێستیری بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزمە کە وەک گەڵا ڕێزان کوژراو بریندار دەخاتە سەریەک و فەرقی گەورەو چووکوژن و پیاوو ڕەش و سپی ناکاو « گولله برای کەس نیه » .

لەساڵەکانی ڕابردوودا زۆرجار ڕێ کەوتوە کە خەباتکەرانی ئێران بۆئەوەی خوێنی خەڵکی بێ تاوان تێدا نەڕژێ ، چاوپۆشییان لە زۆر دەستکەوتی شۆڕشگێڕانە کردوە ، تەنانەت هەڵکەوتوە یەکێک لە تاوانبارترین جەلادەکان لەناو ئاپۆرای خەڵکدا ڕاوەستاوە کە کوشتنی لەئاوخواردنەوە هەسانتر بووە، کەچی لەگەڵ ئەوەی شۆڕشگێران دەرفەتیان دەست کەوتوەو توانای لەناوبردنیان هەبووە ، بۆخاتری گیانی بێ تاوان و بێ دیفاعەکان خۆیان لێ بواردوە و « لەگوڵ کاڵتریان پێ نەگوتوە » بەڵام ڕەنگە هەموو کەس لەبیری مابێ کە دووساڵ لەمەوبەر پۆلیسی دژی نیشتمانی شا لە ڕێگای قوتابخانەدا کچێکی دەساڵەی دایە بەر دەسڕێژو کوشتی . دیارە بۆ ڕژێمی شاو نۆکەرو چڵکاو خۆرەکانی ئەو شۆڕشگێرەی چەکی بەدەستەوەیەو ئەو منداڵە مەدرەسەیەیە کە لە ڕێگای قوتابخانەدا دەکەوێتە بەر دەستدرێژی هیچ فەرقیان نیە . ڕژێمی شا دوژمنی هەموو دانیشتوانی ئێرانەو هەموو خەڵکی ئێرانیش بەوردو درشتەوە بەدوژمنی قەسەتەسەری خۆی دەزانێ .

تاوانی ئەوخوێنە بەناهەق ڕژاوانەی هەفتەی ڕابردووش هەر لەئەستۆی ڕژێمی شاو چڵکاوخۆرە کانیەتی . هەموو

بڕوانە ل ٧

- ٢ -

ئاساری بردەیسان :

ئەو ئاسارەی میژوو نووسان بەناوی ئەوەوە تۆماریان کردوون زۆرن بەلام بێجگەلەچەند کتێبێك هیچی دیارنیە· یەکێك لەم کتێبانە (قانوونی وولاتان)ی ناوەو لەسوریانی رابەگەلێ زمانی فەڕەنگی (ئەوروپایی) تەرجەمە کراوەو هێشتا وەرنەگەراوەتە سەرزمانی دانەرەکەی کە (کوردی)یە

بردەیسان لەم کتێبەدا نظریاتی (دووناسی – سی ناسی) خۆی بەیان کردوەو لەسەر ئەم بناغەیە ئیسپاتی کردوە کە ئینسان ئازادەو ئیختیاری بەدەست خۆیەتی ، (هەروەها) حەتمی بوونی قانوونە تەبیعی یەکان و زنجیرەی (علل و معلول)ی بەشێوەی گفتوگوباسی کردوە ، ئەم زنجیرەیەی لە مەخلووقاتی سەرزەوی ڕا دەست پێکردوە تاگەیاندوویەتە ئەستێرە گەڕوك و راوەستاوەکان هەر ئەم نظری یەی لەپاشان بۆتە بناغەی نظریەی دە ئەقل (نظریة العقول العشرة)ی گینوسیستەکانی پاش ئەو ·

بیروڕای (بردەیسان) دەربارەی (ناچاربوونی سەرەتا بەرزەکان)و (حەتمی بوونی قانوونەکان) لەلایەك (مختاربوونی ئینسان)لەلایەکی ترەوە ، کەسەرچاوەی دەچێتەوە سەر (دوئالیزم)ی کوردی ئەو رق و کینەی مەسیحی و جوولەکەو جەبری ولایەنگرانی یەکەناسی ژمارەیی هەڵستاند ·

دووکتێبیشی دەربارەی میژووی ئەرمەنستان و هیندستان هەبووە ، چەندمەقالەییکیش لەسەر ، دوئالیزم رووناکی و تاریکی ، تەوحیدی ئیشراقی ، وە جووڵان و ویستان (الحركة والسكون) نووسیوە لە شەرحی حالی دا باسی هەڵبەستێکی سەیردەکری کەناوی (گورانی گیان) یا (کوری پاتشا)یە ، هێندیك لە شیعرەکانی لە کتێبی خەلکدا ماوە ·

مەزهەبی بردەیسان :

شەهرستانی (لە ٥٤٨ هـ ١١٥٣م مردوە) دەلی : ابن دەیصان باوەڕی بەدوو سەرەتای(نوور) و (تاریکی هەبوە ، دنیای (نوور)ی زیندوو ، بەهەست ، زانا ، تواناو خاوەن ئیرادە حیسابدەکرد ، لەبەرامبەریدا ، دنیای (تاریکی) ، بێ گیان ، بێ هەست ، نەزان ، دەستەوسان و بی ئیرادە دادەنا· کردەوەکانی سەرەتای (خێر)ی ئیختیاری و کارەکانی سەرەتای (شەڕ)ی بە (ئیجباری یاجەبر)ی لێك دەدایەوە ·

بردەیسان دەیگوت :وجوودی هەموو شتێك یەکە ، ئەویش (خودا)یە کەوابوو ،هەموو رەنگەکان ، هەموو ئەو شتانەی دەبینرێن ، بۆنەکان تام و چێژەکان و دەنگەکان هەموو یەکن ، وە جیاوازیان لەیەکتری بەستە بەئەندازەی ئەو (تاریکی)یە کە تێکەلیان بوە(ملل ونحل ج١ص ٢٥٠_٢٥١)

هەر ئەو (نظریە)یەی (بن دەیصان)ە بۆتە سەرچاوەی تەوحیدی ئیشراقی کە دەلێ :لەدنیادا بێجگە لەچاکەو خێر هیچ شتێك نیەو ، (بوون)یەعنی سەرەتای خێر ، هەموو خراپەو شەڕ دەچنەوە (نەبوون) بونموونە: پیاوکوشتن خراپە ، چونکوو لەناوبردنی ژیانە ، بەلام خاصیەتی (برین) کە لەچەقۆدایە یا قودرەتی تیرخۆیان لە خۆیاندا خراپ نین ·

بردەیسان لای وابوو : کاتێ نوور تێکەلاوی تاریکی بوو ، بوو بەهۆی پەیدابوونی (دنیای ماددی)و ئاسمان و ئەرز کەشەڕو خەراپەیان تێدایە ،خودا (مەسیح)ی بۆ جوداکردنەوەی خێرو شەر لەیەکتر ناردە ئەم دنیایەو ئەم ئیشە شەش هەزار سال دریژەدەکیشی ·

ئەو ئیعتیرافەی بردەیسان بە(مەسیح) و ئەو نظری یانەی کە لەبابەت (ثالث) هەبوولەلایەن مەسیحی یەکانەوە بەبەلگە مەسیحی بوونی داناوە، کەچی (مانی)و (محمد)یش مەسیح ان بەناردراوی خودازانیوەو ناتوانین بلێین (مەسیحی) بوون · نظری یەکانی بن دەیصان لەمەر (ثالوث) لەگەل (ثالوث)ی مەسیحی یان جیاوازی یەکی بنەرەتی یان هەیە ·

ثالوثی ئاریایی و ثلوثی مەسیحی :

وەکوو باسمان کرد ئاریاییەکان دەیانگوت دوو سەرەتای (خێر)و (شەڕ) هەیەوبەدنیای (نوور) و (تاریکی) تەعبیریان لێدەکردو دنیای ماددی یان بەسینتیز (معدل)یك دادەنا کە لەناکۆکی نێوان ئەم دوو دنیا پەیدابوەو بن دەیصان ناوی لێنابوون : باوکی ژیان و دایکی ژیان و ژیان ·

بەلام دامەزرینەرانی مەزهەبی مەسیحی یەعنی حەواریەکانی مەسیح (ثالوث)ی ئاریاییەیان وەرگرتوەو شێواندوویانە ، چونکوو خوویان جوولەکەبوون و بروایان بەیەکەناسی ژمارەیی هەبوە ، ناکۆکی نێوان دووسەرەتاکە تێنەگەیشتوون و سینتیزیکی لەم ناکۆکی یەسەری هەلداوە بۆیان ساغ نەبۆتەوەو ناوی (باوك و کوڕ و روح القدس) یان لێناوە کە هیچ ناکۆکێکیان لەبەیندا نیە وراستی یەکەی سێ صفەتن بۆ یەك شت · بەم جورە ثالونیان بردۆتەوە سەر تەوحیدی ژمارەیی جوولەکەو بوونە (جەبری) لایان وایە کلیلی بەهەشت و جەهەندەم بەدەست یەکێکەوەیەو هەر کەسێ بیەوێ دەی نێرێتە بەهەشت و هەرکەسیشی نەویست رەوانەی جەهەندەمی دەکا · پۆلس دەلێ : خودا هەرکەسی ویست هیدایەتی دەکاو هەرکەسیش بیەوێ گومرای دەکا ، وەکوو ئەو کەسەی گۆزە دروستدەکا هەرلەیەك (قوڕ) گۆزەیەك بۆ شەڕابی بەتام و چێژ وگۆزەیەکیش بۆ شتی فرێدراو دروستدەکا (ئینجیل ، نامەبۆ رۆمیان ٩ : ١٨_٢١) ·

بن دەیصان و جەبرو ئیختیار :

هەروەکوو دیتمان جوولەکەومەسیحی چوونکوو ئینسانیان بەرامبەر یەك ئاکیش (جاقبە)رادەگرت ناچاردەبوون

لاپەرە - ٣

بەردەیسان
فەیلەسوفێکی کوردە

بەقەڵەمی : ماموستا عەلی نەقی مەنزەوی
ر. زەبیحی کردوویەتی بەکوردی

(جەبری) بن ، تەنانەت مەسیحی کەخۆیان بە(ئیختیاری) لە قەلەم دەدەن ، ناتوانن لەداوی (جەبر) رزگاربن ، دەلیلیش ئایەتە (جەبری) یەکانی ئینجیلە کە یەکێکمان لەسەرەوە باس کرد ·

بەلام بن دەیصان وەکوو دوئالیستیکی کورد (ثنوی) ئینسانی لەبەرامبەر راکێشی (خێر)و (شەر) دا دەدیت کە ئەقلی حاکمەو دەتوانی ئەم لاولابکات و بەهەرلایەکدا ویستی خۆی ساغ کاتەوە ، لەوەختێکا کە ئینسانی بە (مختار) دەزانی ، زنجیرەی (علل و معلول)ی (مەجبوور) دەدی یەعنی لە (مادیات) دا باوەری بە (حتمیت) هەبوو ، چونکوو مادیات شەڕانی و خودای شەر، مردوو ، بی تیگەییشتن (غیر مدرك)و بی ئیختیارە ·

بن دەیصان دەیگوت : ئەنجامی کاری چاك نیزیك بوونەوەیە لە (نوور)و ئاخریکەشی یەکبوونە لەگەلی ، نەتیجەی کاری خراپیش دوورکەوتنەوەیە لە (نوور)و ئاخرێکەشی توانەوەیە لە تاریکی دا ·

باوەڕیشی بە بەهەشت و جەهەندەمی ماددی (ئەودنیا) نەبوو ·

هێندیك لەنظری یەکان بن دەیصان دەربارەی بەهەشت و جەهەندەم زور نیزیکە لە نظری یەکانی (ابن سینا) و (خواجە نەسیری تووسی) کەلە کتێبی (اضحویە) و (سەرەتاو ئەنجام)دا باسیان کردوە (١٥) ·

بن دەیصان و یەکەناسی ئیشراقی :

دەتوانین بلێین کە یەکەناسی ئیشراقی صوفیێکانی کوردستان لە پاش ئیسلام ، هەر نظری یەکانی بن دەیصانەو کامل تر بوە، بن دەیصان هەموو صفەتی وجودی) وەکوو : زانین ، توانین ، ژیان و ئیرادەی دەدایە پاڵ ادنیای نوورو مەفهوومی سەلبیشی (مردوو ، بی ئیرادە، بی توانست ، نەزانی) بە صفەتی دنیای تاریکی دەزانی ·

صوفیێکانیش کەباسی یەکەناسی ئیشراقی دەکەن دەلین : دنیای ماددی کەوەکوو ئامێتەی خێروشەر دێتەبەرچاوان بەراستی هەر (خێر)ی رووتەچونکوو شەرو خەراپە هەمووی کاری سەلبی و نەبوونە (عدم)وچوونکوو بوونیش (وجود) هەر هۆیەکی(١٦) هەیە ئەویش نوورو خێری (مطلق)ەو نەبوون پێویستی بە هۆ نیە :کەوابوو ، سەرەتای دنیا (یەك)ە کە بوونی مطلقی دنیایەو بەرامبەری لە (نەبوون) بەولاوە هیچی تر نیەو(ماهیت)ە جۆربەجۆرەکانی دنیا، پلەی(١٧) جووربەجووری وجوودی مطلقن ·

سورەیانێکان و بن دەیصان :

هەر بەو جوورەی فارسەکان پاش ئیسلام ، خزمەتی عیلم و ئەدەب و فەلسەفەی عەرەبانیان کردوە ، کوردیش پێش ئیسلام خزمەتی زمان و ئەدەب وفەلسەفەی سوڕەییانیان کردوە ، ئەگەر (ابن سینا)ی بەلخی زوربەی کتیبە فەلسەفێکانی خۆی بەزمانی عەرەبی نووسیوە(ابن دەیصان)ی کوردیش ئاساری خۆی بەزمانی سوڕەیانی نووسیوە ، هەروەکوو (محمد خلیل بن احمد فراهیدی) وەزنی شیعری عەرەبی رێك و پێك کرد (بن دەیصان)ی کوردیش عەینی ئەوەی بۆ شیعری سۆرەییانی کردوە ·

هەروەکوو عەرەب (ابن سینا)و (رازی) و (فارابی)و (بیرونی) بەفەیلەسووفی عەرەب ناودەبەن ، سۆرەییانیکانیش (بن دەیصان) بەفەیلەسووفی سوڕەییانی دادەنێن ، کەچی هەموو میژوونووس و رۆژهەلاتناسەکان دەلێن دایك و بابی کوردە ، بەدرێژایی میژوو مەسیحێکان هەرچی کتیبی هەیان بوە پڕیان کردوە لەجوین و قسەی ناشیرن و شاباشی ئەو فەیلەسووفە مەزنەیان کردوە ، پێیان کوتوە دووناس ، وەرگەڕاو (مرتد) شەیتان و منجم ، ئەوا لەسالی ١٩٦٥ەوە مەسیحی یە ئیصلاحیێکان (بن دەیصان) بە مەسیحی دادەنێن ، هەروەکوو پێغەمبەری ئیسلامیشیان وەکوو یەکێك لەناردراوەکانی مەسیح قبوول کردوە ·

١٤ ، المنجد لەباسی بردەیسان (بردصان) دا دەلی کتێبی (قەزاوقەدەر) کەپاش تەورات کونترین کتێبە بەزمانی (سوریانی) نووسراوە دەلین ئەو دایناوە (ص _٧٠_اعلام)·

١٥ - نووسەری ووتار ووتوویە تیوری (بردەیسان) لەتیوری (ابن سینا)و (خواجە نەسیر)ەوە نیزیکە کەچی دەبوایە بلێ تیوری ئەم دووانە لەتیوری (بردەیسان) دەچن چونکوو ئەم لەپیش ئەواندا بوە ·

---

١٦ _ هۆ : عیلل · سبب ·
١٧ _ پلە : (درجە) ·

چیرۆك

نەخشەی ئاوەدانێك

جەزا عەلی ئەمین

جۆشی هەرزەکاری بوو .. بەسێبەروو هەتاوی کیژانی ئاوەدانی چاوشارکێی دەکرد .. ئەو دارودەوەنانە ئێستاش یا دەکانی ئەوی تیایدا ئەزێ تەنانەت گەلیشە گەنمەکانیش .. تەمەن بەرەو ژوورو بەرەو خوارە .. ئەم بۆ ئەوی تریان دەگری ·

– رۆڵە رەسو ژیان هیچە رووت لەخودابێ پەنای بێ پەنایانە ·

(فاتە لەکوێی ؟ بەڵێ حەسەن بەگ .. دەنگ و باس .. دوو سەماوەری تازە سازە بەچ و داگرتنێ قولپ دەدەن بەدەرقەدی موبارەکی بابت پێیان نەخوراوە تەوە ! لەژوورە تاریکەکەدا چرای تێدا نەدەگەڕا قولپی سەماوەرەکان نەبێ بەنۆرە خۆم تێ هەڵەکێشان .. هەموومان لەبەر ئەو پەیوەندیانە درووستبووین .. مردن بەرەو تاریکاییێکی لەبن نەهاتوە کەس نەهاتەوە هەوالێکی راستی پێ بێ ! ..)

– تەزبیحەکەم زمانی وێردمە .. ئاگات لەدڵی ئاوەدانی بێ با باش لێدا بەپیر گشت شایی و زەماوەندێکدا مەچۆ .. ئحۆ .. ئح ·

– بەڵی فەرمایشتەکانت رێ و شوێنی من دەبن (دەمەوێ هەتاوی نازە لەڕانما هەلبێ پاکترین دیمەنی لێ بتاشم بەسەریا خەوی کۆتاییم لێ بکەوێ) ·

– حەسەن بەگ سەری لەبەرماکە نابوو .. بیری لەو نیسێ زیندوانە دەکردەوە کە بە ڕوی رۆژا شکاندنیەوە ..

– عەولاڕەش هەرێ حاجی مینەی بکوژە ·

– .. .. ..

– تەقەی تفەنگ هەستا هاواریك گوتی حاجی مینە تەواوبوو · حاجی ژن خەمێ مەخۆ .. خوا گەورەیە .. (دەلی گلۆپە دە ئایسێ) · هەر دەیدۆزینەوە پیاوەکان هەرئێستا ئاوایی ئەخەنە ژێر پێوە ·

– کێ دەپرسێ .. میللەتی مە هیچی بەئەمری خوا نامرێ! خوا داد .. پیاوێك ..

– حاجی گوڵەی بەزەبری پارە هێنا بو ئەلماسێ بوو پلی لێ هەڵنەدەبوو .. چابوو ..

داری سەوزی ئۆقرەو سێبوری ڕەسوڵ بەگ گەلاو لقی بەردا .. ئارەزووەکان دوومەڵیان ئەکردوو نەیەتەقینەوە .. هەر دوومەڵیان دەکرد ·

– نازە بەهۆی منەوە دەژی .. خۆڕاییت دەکەم دەبێ نان بە ئابڕو بچنیتەوە .. من بەئازادم ·

– ئەدی من ·

– ... !؟ (ڕۆڵە ڕێ و شوێنی بابت وون نەکەی .. تۆ وەجاخمی ..) دوو چاوی ڕەشی بەکلی نازە چاوی لەبەر هەڵنەدەهات .. پێستێکی پەمەیی تەنگ ئاوێزانی بالای بوو بوو .. سینگ و بەرۆکێکی تێرو پڕو بەرز .. دەم و روویەکی بێ گرێ تنۆکێ بوو لەئاوی پاکیەتی یەزدانی رژابوە زەلکاوی ئاوایی .. هەزار گرێی لە مەمکەکانی دەدا ·

– گوناحە ·

ئارەزووەکان ، چاو .. دەم .. ڕان شوێنانی تر خۆیان ئەخواردەوە .. کرژ بەبوون و هەڵەچوون .. کەفی نێکەڵی فرمانەکان .. ڕیش سپیەکان پەراوەکان .. فریشتەکان ئەکردوو .. پاداشتی وەرنەدەگرتەوە ..

– تۆ بابی ·

– ئۆ باڵەکان دەتوانم ·

ئارەزوە گلاوەکانی بابنێژێ .. دڕندەیە .. ئافرەتیان بۆ وارەنگ کرد .. کەس نانێکم ناداتێ .. وانەبێ .. نازانم بۆ دەژین .. بۆ .. بۆ .. (تابۆتەی ئابڕووتکانتان پێ گەرم بکرێ .. لەبازاڕێ سەوداو مامەڵەدا هەزار ئارزووتان پێ بکەن .. منیش لام سەیرە وا دەژین وانامێنین وا نامێنین ..)

– لەنازە منداڵم ببێ وەك ئینگریزان دەچێ .. نا نا رەسەن نی یە کرمانجە !

– لاشە گلاوەکەی لەزەمینەی نەکێلراوی نازەدا ناشت .. ئەویش لەژێریا وەك کەلاك دەمی برینەکانی ئەخواردەوە .. بەتماشاکانی ئاوایی لەتفا ئەخووسان .. بەمردوو زیندووەوە ..

– دوو مانگی دی بەناو هی حەمەی پیاوم دەبێ .. ئەویش مەرجم بۆ کێشاوە .. (بەڵێ .. تۆ چۆنت پێ چاکە .. خوادەکا .. بەگم) ·

– ئەوانەی ئیسقانی خانەقاو دیواخانەکان ئەیانخوا .. پاش کروسانەوە لەزۆر شت ئەشۆزینەوە .. هەر بەڵێ یان لەسەرە ..

(هاوڕێم لەنامە تازەکەدا ئەوەم وتبوو ئاگرەکە وادانەگیرا دڕکەکان بچنێتەوە .. تۆش دەنگت بەباوەشی کردوو ... مۆرێکت پیانا .. مرۆڤ بەکیلۆ ئەکێشرێ .. ئەوی تر نوسی هەلەی زلی تیایە .. ڕەنگیان لەکوانوەکان دەرهاوردووە .. چاوە ڕێ بن تاکوێرایمان دایە)

حەمە خوا نەیبرێ چوار منالی جوانمان هەن ..

– .. (لەمن .. لەمن .. ناکەن .. بەگم قبوڵە) ·

– دەمت درواوە ·

– هاوینی ئەوساڵ گەرماکەی لەکێشا نەبوو ·

قەڵادزێ – ١٩٧٢

پۆستی خوێنەران

لە وەلامدانەوەی خوێندەوارە بەریزەکاندا مەبەستی بنەڕەتی ئیمە ئەوەیەئەو خوێندەوارەی شتمان بۆ ئەنووسێ بیری خۆی والا بیـژبکات و نووسینەکانی لەقالبێکی ئەدەبی نوێدا دابریژیت و بەراوردێکی بارو زروفی دەروەبەری خوی بکات و سەرنجێکی کیشەی سیاسی و ئابوری و کومەڵایەتی نەتەوەی کورد بدات و جار جاریش بەپێی داخوازیەکانی ئێمەکەلەم بەشەدا وەلامی ئەدەینەوە بنووسێ ، هیوامان وایە هەرخوشك و برایەك وەلاممان دایەوە لێمان نەرەنجێ بەلکوزۆرتر خۆی ماندو بکات و باشتر بێتە کۆڕی نووسین و جارلەدوای جار بەدلسۆزیەوە شتی باشترمان بۆ بنێری وئەمەش وەلامی چەند خوشك و برایەکەو پێشەکی سوپاسیان ئەکەین ·

● **کاك حەمید مەلا عەبدوللە چوارقوڕنە :**

بەناونیشانی (بۆتان ئەگێرمەوە) سەرگورشتەیەکی بۆ ناردوین کە ئەلی (لا یوجدفەسل کرا) ، براله گیان نوکتەکە زۆر خۆشە بەلام ئەی تۆ ئەزانی ئەگەر بلاوی بکەینەوە کۆمەلێك ماموستامان لێ ئەرەنجێ ·!! هەی عەمرەکەت درێژبێ خۆ ئەو ناوچەیەی ئێوە بەهەزاران سەرگورشتەو رووداوی پێکەنیناوی بێوەیی وڕەسەنی تیایە تۆ ئەگەر یارمەتیمان ئەدەی فەرمولەوانەمان بۆبنێرە ·

● **کاك تروسکە محەمەدئەمین لە سلیمانی :**

شیعرەکەت بەناونیشانی(دلداری یەکەم) نمونەی شاعیریتە هەقوایە زۆرتر بایەخ بەناوەڕۆك بدەیت ئەمەش بەشی یەکەی شیعرەکەتە هەلمان بژارد ·

دلدارەکەم
وا تێ نەگەیت دلداریەکەم
رەسەن نیە
یان لادەرە
خوشەویستم
خوشەویستم
لەکۆتەرەی
مەم و زین و خورشی و خاوەر
لەشیرین و فەرهادەوە
سەوزبووە
لەناو جەرگەی کوردەواری
لەسەرکانی
هەلقولاوە
دلدارەکەم
دلداریەکەم تێکوشانە
هی ناخی گشت زەبونانە
خەباتم بۆ
هاتنە کۆڕی کۆڕپەیەکە
کۆرپەی ئازادی و سەرکەوتن
کۆرپەی گۆڕکەری
چەوسانەوەی چینایەتی
کەئاواتی زۆربەی گەلە

● **کاك کەنعان مەدحەت لەکفری :**

ئەو پارچە شیعرەی جەنابت ناردبوت (سکالای دلداریکی زامدار) هەموی رەمزە ..وەکو ئێمە لەماناکەی باش تێ نەگەیشتین لاموایە خەلکی تریش بەئاسانی لێی تێ نەگەن .. ئینجا با دووقسەی خۆمالیانەش بکەین و کەس لیمان نەرەنجێ و (دارو دیوارگوێ کەرێ) .. وابزانم رۆژگاری ئەمرۆ ئەوەندە پێویست بەم رەمزو رەمزکاریە نەکات .. ئێستا کە سەربەستی نووسین هەیە (تارادەیەك) ئیتر ئەم رەمزورەمزکاریە ئیجگاروا بۆچی ؟وای بەباش ئەزانین بە جورێك بنووسیت ئەوانەی بویان ئەنووسی لێت تێ بگەن ..هیوادارین لەمەودوا بەکوردی یەکی رەوان شتمان بۆبنێری :

● **کاك شەفیق (بەیاد)ئەحمەد ئاغا غەفوری لەکۆیە :**

هەی بێ بەلابی براله گیان بۆ نووسینت .. نەمانزانی نووسینەکەت شیعرە یاچیرۆکە یاوتار ! لەسەر هەردوو رووی قاقەزەکەش نوسیبوت ..زۆرگەڕاین بەشوین ناوەڕۆکەکەیا نەمان دۆزیەوە نەمانزانی لەناو کامدێڕا شاردبوتەوە .. وادیارە لەگەل خویندنەوەدا ئاشنایەتیت گەرم نەبێ ! ئەگەر بەقسەمان ئەکەی لەپێشا کەرەستەی پێویست ئامادە بکە ئینجا دەس بکە بەکردنەوەی ئەو کۆشکە ئەدەبیەی کە رەچاوت کردووە هەتاکو زۆرتر بخوێنیتەوە کەرەسەی نووسین زۆرتر پاشەکەوت ئەکەیت ·

● **کاك مەهدی صالح لەدوزخورماتو :**

نووسیوتە تا ئیستە چوارنامەم ناردوەو وەلامم نەدراوەتەوەو هیچیشیان بلاونەکراونەتەوە ، براله گیان ئیمە وەکو چەند جار لەمەوبەروتومانە هیچ نامەیەك ناخەینە پشت گوێ باوەر بفەرمو تەنیا ئەم نامەیەتمان پێ گەیشتوە کە نووسیوتە (هیوادارم ئەم گۆرانیە پیشکەش بە نەرمێ یە پەسەندی بکەن و لەروژنامەی هاوکاری خۆشەویستدا بلاوی بکەنەوە) قوربان ئەوا ئیمەش لەسەر داخوازیەکەتان هەندێکی پێشکەش بە (نەرمێ) ئەکەین :

ئەی نەرمێ نەرمێ
چاورەشم نەرمێ
ئەگەر بەهارهات
گولت ئەدەمێ
گولی سورو جوان
لەباخچەی ژیان
پێشکەشی ئەکەم
ئەی یاری چاوجوان

کارەبا بۆ دێهات وقەزاکانی پارێزگای کەرکوك

وەزارەتی شارەوانیەکان دەستی کردوە بە جێبەجێ کردنی پرۆژەیی راکیشانی تەلی کارەبا بۆ دیهات و قەزاکانی پارێزگای کەرکوك کە درێژی ١٠٦ کیلۆ مەتر ئەبێتو نزیکەی ٣٣٨ هەزار دینـاری تێ ئەچێت .

سلفەی بانقی کشتوکاڵ

بانکی کشتوکال لە مانگی رابوردودا ٣٤٣ هەزارو ٦٢٩ دیناری بەشێوەی (سلفە) داوە بە کۆمەڵەکانی هەرەوەزکاری و جوتیاران .

لەم پارەیە ٢٣٥ هەزار ٢٩١ دینار دراوە بە کۆمەڵە هەرەوەزکاری یەکان و ١٠٧ هەزارو ٣٣٨ دینار یش بە جوتیاران .

ئەوەی شایانی باسە بانکی ناوبراو لە ماوەی چوار مانگی رابوردودا ٢ ملیۆن و ٧٥٧ هەزارو ٩٠٨ دیناری بەشێوەی سلفە دابەش کردووە ، کە کۆمەڵە هەرەوەزکاری یەکان لەم ماوەیەدا ٢ ملیۆن و ٢٩١ هەزارو ٥٠٢ دیناریان وەرگرتووە .

کەلوپەلی موختەبەر بۆ قوتابخانەکاني کوردستان

وەزارەتی کاروباری ژوروو داوای لە وەزارەتی دارایی کردووە کە ٢٧ هەزار دیناری لە بۆجەی گشتی ئەم ساڵ بۆ تەرخان بکریت ، بۆ ئەوەی کەلوپەلو شتومەکی پێویستی پێ بکریت بۆ موختەبەری قوتابخانە ناوەندی و ئامادەیی یەکان لەو پاریزگایانەی دەرس بەزمانی کوردی ئەخوینن .

مەڵبەندی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری

بریاروایە سەرەتای ئەمسالی خوێندن ١٠ هەزارو ٣٢١ مەڵبەندی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری لەوڵاتا بکریتەوە ، کە ٢٥٠ هەزار ئافرەتو پیاوی جوتیار تیایا فیری خوێندەواری ئەبن .

هەروەها چاوەروان ئەکریت کە مەڵبەندەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی ژمارەیان بگاتە ٢٢٠ مەڵبەند دوای ئەوەی ٦١ مەڵبەندی نوێ ئەکریتەوە .

ئەوەی شایانی باسە ئەم مەڵبەندانە تەلەفزیون و سینەماو کتیبخانەو تیپی وەرزشی یان ئەبیت .

قوتابخانەو ڕێگەوبان لە سلێمانی

بریاردراوە چـوارقوتابخانەی سەرەتایی نوێ لەپاریزگای سلیمانی دابکریتەوە .

ئەو قوتابخانانە یەکیکی بۆکچان لەدێی سابوراوا لەناحیەی سولاڤ و دووانی بۆکوران لەناوشاری سلێمانی و یەکیکی تری کورانیش لەقەڵادزە ئەکریتەوە .

بەم پێیە ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە پاریزگای سلێمانیدا بووە بە ٥٣٢ قوتابخانە .

لەلایەکی تریشەوە ئەنجومەنی بەرێوەبردنی پاریزگاکە چاککردنی چەندریگاوبانیکی داوە بەمونافەسە کە ٢٠ هەزار دیناریان تێ ئەچیت .

هەروەها بەتەمان لەناحیەی بیارە قوتابخانەیەکی سەرەتایی دروست بکەن کە ١٢ هەزارو ٤٤٥ دیناری تێ ئەچیت ، ئەمە جگە لەو چەند خانوو بەرانەی ئەنجومەنی ناوبراو بەمونافەسەی داون کە ١٨هەزار دیناریان تێ ئەچیت .

چوار قوتابخانەی ناوەندی لە سلێمانی (شورش) و (ئەزمر)ی کوران وە (فریشتە) و (ئاشتی) کچان کراوون بە قوتابخانەی ئامادەیی .

هەروەها بریاردراوە قوتابخانەیەکی ناوەندی نوێ بەناوی (ئازادی) بۆ کوران لە سلێمانی وەیەکیکی تر بەناوی (قوتابخانەی ناوەندی رانیە) لە شاری رانیە بکریتەوە .

گۆشەی تەندروستی

● کرمی ئەنکۆلۆستۆما ●

-١-

دکتۆر نەوزاد

● کرمی ئەنکولوستوما کرمانەیە کە لەناو بەشی سەرەوەی ریخۆڵەدا ئەژین و لەوێدا هیلکە ئەکات و ئەیلکەکان هەلدین و مروڤ تووشی ئەم نەخوشی یە ئەکەن .

● لە ولاتی ئیمە بەتایبەتی لە خوارووی عیراقدا زوربەی دانیشتوان تووشی ئەم نەخوشی یە هاتوون . زوربەی ئەمانیش دانیشتووی دێ یەکانی بەتایبەتی ئەوانەی نزیك هۆرو زەلکاو و ئاوی پەنگخواردوون چونکە هیلکەی ئەم کرمانە لەگەڵ پیسیاییدا ئەکەونە ئەم ئاوە پەنگخواردووانەوە وە تیایا هەڵدین و وردەوردە گەورە ئەبێ . ئینجا کە خەلکی ئەو ناوچانە بەپێ پەتی بەناو ئەو ئاوانەدا ئەسوڕینەوە یان تیایانا مەلە ئەکەن و لە بچوکترین برینیان جیگا روشاویکی لەشەوە ئەچنەخوێنەوەو بەهۆی بۆڕیکانی خوێنەوە بەلەشدا ئەسوڕینەوەو ئەگەنە سیێ و قورگ ، وە کە گەیشتنە قورگەوە، بۆڕیکانی دەوروپشتی قورگ ئەروشینن و خویان فرێ ئەدەنە بوشایی قورگەوەو لەوێوە ئەچنە ناو (معدە)وەو ئینجا خۆیان ئەگەیەننە ریخۆڵەی بچوك . ئیتر لە ریخۆڵەی بچوکدا پەرەئەسێنن و زۆرئەبن و گەورە ئەبن و ئەو مرۆڤە دووچاری نەخوشی ئەکەن .

- ماوێتی -

تۆش خاوەن بەهرەی

● دۆش دامەمێنە ، تۆش خاوەن بەهرەی . بەلام ئەوەیە پێویستت بە سەبرکردن و دان بەخۆدا گرتن هەیە . تۆش وەك زۆر کەسی تر لەوانەیەلاتوابێ بەهرەی داهێنان و سەرکەوتن !شوورەیەکی بەرزو پۆلایین دەورەدرا بێ ، تۆش لەودیو شوورەکەوە دەستەپاچە راوەستابیت ! لێت روون بێت لەتوانای تۆشدا هەیە بگەیتە پایەی بلیمەتی و ئەو شوورەیەت لەبەرچاولاچێت .

● بەهرەداری و توانای داهێنان شتێك نیە بەبالای چەند کەسێك برابێت ، موڵکی چەند کەسێکی هەڵکەوتوش نیە هەموومان خاوەن بەهرەین بەلام بەهرە بەرێکەوت بەر خەلکی ناکەوێت بەڵکو شتێکە ئەتوانین دەستی خەین و بۆرۆشن کردنەوەی ژیانمان کەلکی لێوەربگرین . لەگەل ئەوەشدا بەهرە مەندبوون شتێکی سووك و ئاسان نیە ..

● « سێر ولیام هرشل »رابەری ئەستیرەگەری بوێ ، کەویستی گەورەترین تەلسکۆب دروست بکات پێش هەموو شتێك فێری دروستکردنی ئاوێنەی ئەوتەلسکۆبە بوو ، وە تا ٢٠٠ جار بەیەك تاقی کردنەوەدا نەرۆیشت نەگەیشت بەمەرام .. هەروەها مۆسیقاری بەناوبانگ « برامز» دوای بیستو دووساڵ هەوڵ و تەقەللا ئنجا یەکەم سیمفۆنی بۆ دانرا .. هەروەها «فلۆبیر» دوای ١٠ ساڵ شەو نخونی و ماندووبوون توانی چیرۆکی « مادام بۆڤواری » تەواو بکات .

● ئەوەی بیەوێت بچێتە ریزی داهێنەرانەوە ئەبێ ژیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات . ئەوەش مانای هەڵبژاردنە لەگەڵ هەزار ئیحتمالاتدا ، ئینجا بێوەستان و کۆڵدان دەست بەئیش کردن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە ، کە ئەوەشمان کرد مانای ئەوەیە حەزمان لەو ئیشەیە کە هەڵمان بژاردووەو دەست بەردانی نابین ..

● بەهرەی داهێنان زۆرجیاوازە لە خۆ دەرخستن و حەزبە ناوبانگ پەیداکردن ..

داهێنان مانای ئەوەیە بەچاکترین شێوە بتوانیت دەوری خۆت لە ناوکۆمەڵدا بەجێ بهێنی و جێگایەکی پڕ بەپێستی خۆت بۆخۆت بکەیتەوە ، لەوەودوا نەترسیت لەوەی چیت لە دەست ئەچێت و چیت بە سەردێت ..

داهێنان برێتیە لە خۆدۆزینەوەو بەرەو ژیان چوون وە ئەویش شتێکە کە تەنیا بەخۆمان ئەکرێت ، بەوەش یەکەم هەنگاوی فراوان ئەنێین بەرەو دروستکردن و داهێنان

نوری حەبران
بەهرەدا وەری گرتووە
لە کتیبی گەڕان بەدوای

کە ئافرەت
لە گیروگرفتەکانی خۆی ئەدوێ

ئامادەکردنی : محمود زامدار

زۆرن ئەوانەی - لەبەرەی پیاو - کە تا ئێستا لەبارەی ئافرەتەوە چەشنەها باس و لێکۆڵینەوەو ووتاریان لەم رۆژنامەو ئەو گۆڤاردا بڵاو کردۆتەوە ، کە بەرای من - زۆربەیان - تەنیا سەرنج و لێکدانەوەی تایبەتی - پیاوانەیە - بەرامبەر بە ئافرەت ، هەرچەندیش هەندێکیان - کەم وزۆر - شتی راستو رەوانی تێدایەو بە گیانێکی بەڵگەویستانەوە لەمەسەلەی ئافرەت دواون ، بەلام کاتێ کە ئافرەت ئەدوێنی ئەیکەی بەسەرپشك و یا دەمی گرژ ئەکەیتەوە ، وردە وردە ئەگەیە ئەو قەناعەتەی کە ئافرەت زیاتر ، دەرك بە خۆی و بەمەسەلەکەی ئەکا تا پیاو .

کورد دەلێ : (کورد بدوێنە ، شەرعی خۆی دەکا) .. دواندنی ئافرەتیش - ئافرەتی ئازاو زیرەك و رۆشنبیر - نەك بیر تەسك و دەستەپاچە - باشترین رێبازێکە بۆ ئەوەی دەرك بە گرفتەکانی بکەین و بەچاوی میهرو سۆزو پاکیەوە سەیری جیهانی تایبەتی - ئەم مرۆڤە بکەین کە هەزاران هەزار ساڵەو گەردنی لەژێر باری غەمایەو ئەم هەمو دەردو جەفاو ئەکێشێ و هەر نوچ نادا و نانەوێ .. بۆ ئەمەیش روی چەند پرسیارێکمان کردە چەند خوشکێکی رۆشنبیرو کوردپەروەر ، کە دورنیە وەلامەکانیان - زۆر قووڵ و فراوانیش نەبن - بەلام پەنجە لەسەر گەلێ زام و راستی دادەنێن ، - بەتایبەتی - لە ریپۆرتاژێکی ئاوا سەرسوك و خێرادا ...

سوپاس بۆ ئەم خوشکە سەرازادو دڵودەرون پاکانە.. سوپاس بۆ هەمو ئەو شۆڕەسوارانەی کە لە خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دان ..!

خوشکە پەخشان عبدالله - دەرچووی کۆلێجی ئەدەبیات - بەشی زانستی شوێنەوار آثار - لەوەلامی : (ئایا گیرو گرفتی ئافرەت ، وەك دایك ، وەك کارگەر ، وەك مرۆڤ لە کۆمەڵی کوردستانی ئێمە چۆن دێتە بەرچاوت ؟) ووتی :

× ئافرەت لە کۆمەڵی کوردەواری ئێمەدا - گەر بەو چەند خوێندەوارانەی شارەکان رازی نەبین ، زۆر دواکەوتوە ، بێگومان ئەم دواکەوتنە گشتییەو پیاویش دەگرێتەوە ، بەلام لەبەرەی ئافرەتدا زەقترو دیارترە .. هۆی ئەم دواکەوتنە زۆرە ، بەلام لە هۆ بنچینە گرینگەکانی : نە گۆڕانی پێوەندی بەرهەمهێنانە ، کە دوەریکی گەورەی لەم مەسەلەیەدا گێڕاوەو کاری کردۆتە سەر ، جگە لەمانەوەی پێوەندی کۆمەڵایەتی شێوە دەرەبەگایەتی کۆمەڵی ئەمرۆی کوردستان .. مەسەلەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئافرەتیش - لەکۆمەڵی ئێمەدا - بەندە بە پیشەسازکردنی کوردستان ، واتا : گۆڕینی پێوەندیەکانی بەرهەمهێنان و هەولدانێکی شۆرشگێڕانەی بەردەوامی وا کە لەگەڵ رەوتی رەورەوەی مێژوی ئەم سەردەمە خێرایەدا بگونجێ .. یانی پێویستیمان بە شورشێکی فراوانی رۆشنبیری هەیە !

× باشە ، ئەی بەرای تۆوە - گرنگترینی گرێ سایکۆلۆژی و کۆمەلایەتیە کۆن و تازانەی دەربارەی ئافرەت ، لەلای پیاودا هەیە چین ؟

- بۆ وەلامی ئەم پرسیارە ، وەلامی یەکەمم دوبارە ئەکەمەوە .. یانی هەر ئەوە بەسە بۆ ئەوەی جۆرەها گرێی سەیر سەیر لای پیاو دروست بکات ، سەرەڕای پشتگیری کردنی باری ناهەمواری کۆمەلایەتیمان لەم مەسەلەیە ، وەك :

١ - شووکردنی دووئافرەت و زیاتریش بە پیاوێك .

٢ - هۆی جودابونەوەی پیاو لە ئافرەت ، بە کەیف و ئارەزوو هەوەسی خۆی .. سەرباری ئەوەن کە پیاو ئەتوانی یاری بە پەیوەندی خێزانایەتی بکات و ئافرەت نەتوانی فزەی بێ و قسە بکات ، بەو بروبیانوە کە گوایە پیاو لە ئافرەت مەسئوولە .

٣ - چەرخی بیستەم واخەریکە تەواو ئەبێ ، کەچی هێشتا ئافرەت نیوەی بەشی پیاوی هەیە لە میراتدا . کە لێرەدا مەبەس میراتەکە نیە ، بەڵکو بەکەم تەماشاکردنی ئافرەتە .

خوشکە (نەسرین خەزنەدار) - دەرچوی قوتابخانەی هونەرەکانی ناوماڵە - لە وەلامی پرسیاری (بەشێوەیەکی گشتی چون ئەتوانی دەس نیشان و بەراوردی باری کۆمەلایەتی ئافرەت بکەی لە ژێر سایەی هەردوو رژێمی سەرمایەداری و سۆشیالیستی دا) وتی :

- دیارە ئەو هەڵوێستەی بۆ ژن رێکدەکەوێ لە کۆمەڵی سوسیالیستی دا ، ئەوە نیە کە لە کۆمەڵی سەرمایەداراندا هەیە ، مەبەس لەو هەلوێستە ، ئامادەبونی هەمو زروفێکی بۆ کارکردن . ئەگەر بکەوینە بەراوردکردن ، لە کۆمەڵی سەرمایەداریشا ، جارجارە ئافرەت بەشداری لە کارا دەکا ، بەلام تاك وتووکە .. هەرچی کۆمەڵی سوسیالیستیە ئافرەت بە گشتی دەچێتە کۆڕی کارەوە . بەلای ئێمەوە کارکردن سنوری ژیانی کۆمەلایەتی ئافرەت دەکێشێ ، ئەو ئافرەتەی کار دەکا ، جیاوازە لەگەڵ کابانی ناوماڵ .. ئەوەی لەماڵەوە کاری تەنیا خێزانی یە ، لەگەڵ ئافرەتی کارگەر ، کار هەردوکیان کۆدەکاتەوە ، ئەمەیان زۆر گرنگە ، چونکە لێرەدا ئافرەت ئەرکی سەرشانی دەهێنێتە دی - وەکو ئینسانێك - !

× باشە ، ئەی ژنی رۆشنبیرو هاچاخ چۆن دەس نیشان ئەکەیت - لە کۆمەڵی کوردستانی ئەمرودا - ؟

- پێموایە مەبەس لەمە ، ئافرەتی رۆشنبیرە ، واتە (مثقفه) . من راییکی ترم هەیە ، بەلای منەوە ، ئافرەتی خوێندەوار مانای ئەوەیە ، کە رۆشنبیر بێ ، ئافرەتێك بێ لەسەرخۆ بێ ، ژیرو تیگەیشتوو بێ ، بزانێ چۆن لەگەڵ خەڵك قسە دەکا ، چۆن کاروباری ماڵەوەی بەڕێوە دەبا، بە کوردی (ئافرەتی خاتوون) .. ئەمە بەلای منەوە رۆشنبیرە ، بەلام ئەو ئافرەتەی کە باوەرنامەی گەورەشی هەیە ، کەچی خوێندەواری و کتێب و نامیلکەو رۆژنامەو گۆڤار خوێندنەوە لەلایا پەشمەو پشتی تێدەکا ، من بەرۆشنبیری دانانێم ، با مامۆستاو ئەندازیارو پزیشك و پارێزەریش بێ .. کە بەداخەوە ئەم جۆرە ئافرەتانە هێشتا لە کوردستانا زۆرن !!

خوشکە (خەرامان ذؤاد مەستی) - دەرچوی کۆلێجی یاسا - لەبارەی ئەم پرسیارەوە :

× لەبەرچی تا ئێستا دەرك کردنێکی وردو لەباری شارستانیەتی سەردەم هێشتا بەردەوام لەلای ئافرەت گەڵاڵە نەبوە ، لە کاتێکا ئێمە وا خەریکین ماڵاوایی لە سەدەی بیستەمیش ئەکەین ؟) وتی :

- هۆی دواکەوتنی ئافرەت لە کۆمەڵدا ، ئەوەیە کە تا ئیمرۆ ئافرەت خۆی خاوەنی خۆی نیە ، هەمیشە چاوی لەدەستی پیاوەوەیە .. هەرچەندە ژیان - بەگشتی - بەرەو پێشەوە ئەڕوات ، بەلام پێشکەوتنی ئافرەت زۆر سست و هیواشە - لە کومەڵی کوردەواریدا - . دیارە پیاویش ئەمە بە هەلێك دەزانی بۆ زیاتر چەوساندنەوەی ئافرەت .. نازانم پیاو - بەگشتی - چی چاوەروان دەکا لە ئافرەتێ کە هەر چوارپەلی بەزنجیر پێوەند کرابێ !!

× ئەی ئەو گیروگرفتانەی کە روبەروی ئافرەتی کوردی ئەمرۆی کۆمەڵی کوردستان ئەبێتەوە چین ؟

- بەلای منەوە ، گەلێ گیروگرفت دوچاری ئافرەتی کورد ئەبێت ، گرنگترینیان (نەخوێندەواری)یە ، کە کوشندەترین دەردی کۆمەلایەتیمانە .. سەرباری هەندێ پێوانەو بەهای رێژێمی کۆنی بنچداکوتاو ، کە بوەتە بەرهەڵستێك و رێ لە پێشکەوتنی ئافرەتی کورد ئەگرێت .. نەك تەنیا لەلای پیاوە نەخوێندەوارو کۆنینەکان ، بەڵکو لای گەلێ لەوانەیش کە خۆیان بە خوێندەوارو رۆشنبیر ئەدەنە قەڵەم !

خوشکە امل رەمضان - دەرچووی قوتابخانەی ناوەندی - لەولامی پرسیاری : (ئایا گرفتی ئافرەت ، وەك دایك ، وەك کارگەر ، وەك مرۆڤ لە کۆمەڵی کوردستانی ئێمە چۆن دێتە بەرچاوت) ووتی :

- ئافرەتی کورد - بەگشتی - وردەوردە خەریکە جێ پێی خۆی لەکۆمەڵدا ئەکاتەوە .. کۆمەڵیش خەریکە زۆر شتی تازە پەسەند ئەکاو نەفرەت لەگەلێ شتی کۆن ئەکا .. ئافرەتی دایك و ئافرەتی ئیشکەرو ئافرەتی مرۆڤ ، ئەمرۆکە رێزو شایستەیی خۆی بۆ پیاوان سەلماندوە ، قوتابخانەو زانستگاکان و هەمو مەیدانەکانی کار ئیمرۆ ئافرەتی تێدا هەیەو بوە بە بەشێکی هەرەگرینگی ئەم مەیدانانە .. کە بە هیچ جۆرێك ناتوانرێ نکوڵی لەدەورە دارەکانی بکرێ !

× ئەمەوا .. ئەی بەرای تۆوە - گرنگترینی ئەو گرێ سایکۆلۆجی و کۆمەلایەتیە کۆن و تازانەی کە دەرحەقی ئافرەت ، لەلای پیاودا رەگی داکوتاوە چین ؟

- بەرای من جیابونەوەی ئافرەت لە پیاو و چنینەوەی ئەم دیوارو بەرگێرەوە نەهەموارانەی

بروانە ل ٧

★ خەرامان مەستی ★

★ نەسرین خەزنەدار ★

★ یاسەمین محمود بەرزنجی ★

داوایەکی بەجێ

سکالا نامەیەکمان لە کاك محمد قادر خضرو جرجیس نورالدین و عادل شمس اللە قاسم لە دەرچوانی ئاموزگای سکرتاریەتی بەرزی سەر بە زانستگای بەغدامان بۆ هاتوە تیایا ئەلێن :

بەهۆی دەرچوونمان لەم ئاموزگایەوە نەمان توانی ئارەزوی خۆمان بێنینەدی و بەردەوام بین لە تەواوکردنی خوێندنی قوتابخانە بەرزەکانا . وە سەبارەت بەوەی کە وڵات پێویستی بە شارەزاو پسپوری لیهاتوو هەیە کە بەشەکانی دایەرەی دەولەتی پێ بکەنەوە

لەبەرئەوە داوا لە عمادەی زانستگای مستنصریە ئەکەین کە دەورەیەکی تایبەتیمان بۆ بکاتەوە وەکو بۆ قوتابیەکانی ئاموزگای بەرزی ئەندازیاری کراوەتەوە .

ئەوەی شایانی باسە نزیکەی ٢٠٠ قوتابی کچ و کور ئارەزویان هەیە کە بچنە ئەو دەورەیە .

بۆیە تکا لە کاربەدەستان ئەکەین کە ئەم داوایەمان جێبەجێ بکەن .

بانگێك بۆ گشت ئەندامانی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی لقی - هەولێر

لەبەر ئەوەی ساڵێکی تەواو بەسەر هەڵبژاردنی دەستەی بەریوەبەری ئیستادا تێپەری .. بریارماندا دەستەی گشتی کۆبکەینەوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەریوەبەری نوێ .. تکا لەهەموو ئەندامە بەرێزەکانی کۆمەڵە دەکەین .. لەکات ژمێری (٥)ی ئیوارەی رۆژی شەممە ریکەوتی ١٥-٩-١٩٧٣ لەبارەگای کۆمەڵە ئامادەبن بۆ مەبەستی سەرەوەو پێشەکی سوپاسیان دەکەین ..

کۆمەڵەی روشنبیری کوردی لقی هەولێر

دووەم میهرەجانی شیعری کوردی لە هەولێر

کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر لەرۆژی ٢٣-٨-١٩٧٣ دا میهرەجانێکی گەورە لەژێر دروشمی : « ئەدەبێکی شۆرشگێڕ لەپێناوی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان » بۆ شاعیرە لاوەکان ڕێکخست .

پاش ئەوەی هۆڵی گەل بەچەندین دروشم و وێنەی شاعیرە ناودارەکانی کورد وەکو : پیرەمێرد ، گۆران ، بێ کەس .... رازابووەوە ، بەوەستان دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان میهرەجانەکە دەستی پێ کرد .

پاشان جێگری سەرۆکی کۆمەڵە مامۆستا فوزی رشید

بروانە ل -٧-

دەست پێ کرنا مرنێ لکمبودنا

**درستکرنا علی نقشبندی
ژ روژناما جمهوریێ**

لنێزیکی بنکێ لەشکری ل (بین هوا) برۆخ سایغونیڤە ، فڕوکەڤانێ ئەمریکی (هال نایت)ی ئاگر بەرداوان شکلا ئەوێت هاتینەگرتنئو (براداریێ) هاتینەنڤیسین صوتن داکەس نەبینیت ئو بسەر هەلنەبیت ، ئەووێنە ئەوبونێت هاتینەگرتن دفڕوکادا کوجهێ بومبا ڤێدکەفتن لکەمبودیای دەستنیشان دکرن . فڕوکێت (ب ٥٢)یت ئەمریکی بەردەوام بومبا دادرێتنە سەرکەمبودیا شوینێت شوڕشگێرا گوللە باراندکرن ببەرزەیڤە ئو کەسێ بەحس ژێنەدکر ئەڤ بومبایە دهاتنە حسابکرن لسەر (ڤیتنامێ) وەسا ئەمریکای بو خەلکێ هەمیا دیاردکر کوێت هاڤێتە (ڤیتنامێ) بەلێدبن دەستڕا دگوتە فڕوکەڤانا ڤان بومبا بهاڤێنە کەمبودیا . هەر ژسالا (١٩٦٩ ـ ١٩٧٠)ێ ئو حەتا (١٩٧٣)ێ بەردانا بومبا لسەرکەمبودیادا کەمبودیا یا بەردەوامبو (سیهانوکی) هەردکرە هەوار کو هاڤێتنا بومبا بوسەر جهێ کەمبودیا ڕاوەستینن بەلێ لەشکرێ ئەمریکی دگوت : درەوە مە چو نەهاڤێتینە . بەری هەیامەکی (هال نایت) بخو ڕاوەستا لپێش لوجنەکێ ژ لوجنێت کونغریسا ئەمریکی ڤی (ئەفسێری) لەشکری هێلابو دخاند دافیری مێژووێ ببیت ، لشواتا سالا (١٩٧٠)ێ هاتە ڤەگوهاستنێدا چاڤدێریێ بکەت لسەرفڕوکێت (ب ـ ٥٢) لبنکێ (بین هوا) دەمێ هێرشا دبەنە سەرڤیتنامێ ، بەلێ فەرماندارا وەسا حەسدکر کو بناڤی (ڤیتنامێ) بیت ئەز بەرێ فڕوکا بدەمەسەرعەردێ کەمبودیادا کەس پێ نەحسیت حەتا ئەفسێریت دگەل من نەدزانی کائەو فڕوکەبارێخو ڤالادکەنە کیرێ ، حەتا کونغریسێ بخوژی نەدزانی ژبلی نیکسونی بتنێ ویدزانی کا فڕوکە چدکەن .. بتیلەفونێ دافەرمان بومن هێنەدانێ پاشی ئێڤاری دافڕوکێت (ب ـ ٥٢) گەهنە نکمن ئو کاغەزێت دگەل بو دەستنیشان کرنا وانشوینا یێت بومبا بەردەنێ (لکەمبودیا) پاشی دائەز تێلسزێ کەم کو (یاریاتوپانێ) خلاس ، ئو گوت : ژسالا (١٩٦٩)ێ حەتا سالا (١٩٧٠) ێ پتر ژ سەد هزار تەنێت بومبا هاتنە دارێتن لسەرعەردێ کەمبودیا .

وەزیرێ دەرڤە یێ کەمبودیا سەربەستکری ، ژبلی کو دبێژیت ژ (٩٠٪) ژعەردێ (٤٥) هزار لەمکرێ ئەمریکیێت لەشکرێ شوڕشگێر یێ ئازادو کەمبودیا دا .

-٣-

ولسالا ١٩٢٦ای زاینێ ئانکوژبەری سەیدا کابانی بدووسالا سەیدایێ بەرکەتی وناڤدار کامیران بەدرخان ی لسەر زاراکرمانجیا ژوری یێ نڤیسی ونڤیسینا وی گەلەکا بەرکەتی بی وپشتی هنگێ بسێ سالاسەیدایێ هێژا توفیق وەهبی یێ لسەر ئەزمانێ کوردی نڤیسی بعەرەبی لین ناڤێ « قواعد اللغة الکردیة » وناڤێ وێ بکوردی« دەستوری زمانی کوردی »ە ونڤیسینا ڤێ بزارێ کرمانجیاژێری یە وپشتی هنگێ سەیدایێ هێژا نوریعلی ئەمینی

لێ چونەک لسەر زمانێ کوردی

ژ نڤیسینا : صالح علی گوالی

دەستەکی درێژ هەبێ ویێ هەی لسەر زارێ کرمانجیا ژێری تایێ سورانی وهەر وەسا سەیدایێ هێژا گیوموکریانی خزمەتەکا باش کر لسەر نڤیسینا زمانێ کوردی ودویڤدا سەیدا (جمال نەبەز)ی وشیخ محمدێ خال ، ئەڤانا ژ بزارا کرمانجیا ژێری یێت نڤیسین ، لڤێرێ من دڤێت ئەز بێژم کو خزمەتا ڤانا کری دزمانێ کوردی دا خزمەتەکا لاواز بێ ئەوژ ژبەر هندێ یە کو ئەوانا بەس پویتە یێ بزارەکێ کرین وزارێت دی یێت کوردی یێت داینە پاش ، ئەگەرا ڤێ ئەوە نەشەهرەزاییا وانا دزارێت دی یێت کوردیدا وڤێت ئەم ژبیر نەکەین جار جارا یێت هلنگفتین وبێژەیەک یان رستەکا کوردی بزارێ کرمانجیا ژوری یێت نڤیسین ئەو ژ بێ پویتە پێ کرن وەکی هەڤبەرکرنا زارێ سورانی لگەل بەهدینانی یان زارێ سورانی لگەل زارێ هەورامی بخاسیەتا نێرو میاتیێ ڤە بێ پویتە پێ کرن یێ لسەر چوین ویازانا ئەوە زارێ کرمانجیا ژوری « بەهدینانی ، بوتانی ، ئاشتیانی ، بایەزیدی » هەمیا نێرومیاتیا تێدا هەی وهەر وەسا زارێ هەورامی ژنێرو میاتیا تێدا هەی ، ئەڤە وژلایەکی دیڤە فرمانا دەرباز ونەدەرباز ئانکو (فرمانی تێپەر وتێنەپەر) دکرمانجیا ژوریدا یێ هەی بەلێ لکرمانجیا ژێری تێدا نینە ومن نەڤێت ئەز ژنڤیسینا خو دەرکەڤم ژلایێ بابەتێ ڤە .

ولسالا ١٩٦٠ ێ سەیدایێ ابها گران جگرخوین ی ریزمان وفەرهەنگا کوردی یێ دەینادی کتێبا وی یاریزمانێ ناڤێ وێ ئاواو دەستورا زمانێ کوردی ، هەر چەند ئەڤ کتێبە یا کێراهاتی یە وبەرکەفتییە بەلێ کێماتیا لێ سەیدایێ بەرکەتی لسەر زارەکێ بتنێ یێ نڤیسی بەلێ لسەرهندێ ـ ژرا خزمەتا مەزن وئاشکرا یێ کری ژبو ئەزمانێ کوردی ونڤیسینا وی بەرریزیا خوینەدنێت ئەکادیمێ یە وسەیدایێ هێژا کتێبا خو بتێپت عەرەبی یێ نڤیسی .

ومن دڤێت لڤێرێ ئەز ئەشکراکەم کو سەرنەکەفتنا بەهرا پتر ژڤان نڤیسەڤانا لسەر ریزمانا کوردی ئان کو هەر ئێکێ دوو سێ رەنگێت نڤیسینێ دنڤیست بەحسێ خەبەری ئێک هوزانڤانە وزمانەڤانە ئان چیروک نڤیسە وزمانەڤانە وئەز دبێژم ئەگەر ئەوانا سەخبێریا خو بدروستی دەینابیا لسەر زمانێ کوردی داسەرکەفتی ترین چونکی لێچون لسەر ئەزمانێ کوردی گەلەکی بساناهی نینە بەلێ خەم خوارن ژێ دڤێت وڤێت مروڤ دنڤیسینا ریزمانا کوردی دا یان چ نڤیسینیت عاتفی نەبت بەلێ بئاقلانە بت نەکو مروڤ لسەر ریکەکێ بچت مروڤ بزانت ئەوێ ریێ کێم وکورتێت لێ هەین وهەر لسەر بەردەوام بت ژبەر بەرژەوەندیا خو بەلێ ڤێت دڤێ حالەنی دا بیروراییێت خو دیارکەت وخو فەرز نەکەت وزمان ناسین لڤی سەر دەمی ریەکا تایبەتی یاهەی وشەهرەزاییا زانینا نهە دبێژنێ « فیلولوجی » وئەڤەژ ئەزمانێ یەونانیا یێ هاتی وەرگێرانێ وئەڤە پێک هاتییە ژدوو بێژەیا « فیلوس » ئانکو خوشتڤیاتی ، و « لوگوس » ئانکو بێژە « کلمة » ورامانا هەردووکا پێکڤە دبێژنێ « خوشتڤیاتیا بێژەیا » و « ئەفلاتون »ی ژبو جارا ئێکێ بێژەیا « فیلولوجی » بکارئیناد دناڤبەرا سالا « ٤٢٧ ـ ٣٤٧ » ژبەری زاینێ .

وبڤێ زاراڤێ ئەم دشێین بەرێ خویدەینە کویراتیا رامانا زمانی وئەم دابێژین هەر میللەتەکێ زمانەکێ هەی ئەرێ میللەت بئەزمانی دهێتە ناسکرنێ یان زمان بمیللەتی دهێتە ناسکرنێ ئەڤ چەندە هەتا نهە بدروستی نەهاتییە زانینێ بەلێ ئەوچەندا دهێتە بەرهزر میللەت بئەزمانی دهێتە ناسکرنێ وڤێ گوتنێ پشتەڤانێت هەین واهەڤرکێت هەین ، پشتەڤان دبێژن ئەزمان خودیکا میللەتانە میللەت خو بئەزمانی دناسن چونکی دەمێ میللەتێ کوردی بئەزمانێ خو دئاخڤت عالەم دزانت کو کورد میللەتەکی راست ودروستە ، ئەزمانێ خو یێ تایبەتی یێ هەی .

ـ یامایی ـ

مرادخانێ بایەزیدی
ئوچیروکا زەمبیل فروشی

عبدالرحمن مزوری

ئاخفتین ـ مرادخانی یاژفولکلوری وەرگرتی ، جارەکای بداریژتنەکا پڕقەشەنگ وبەرز ، داریژیتە ناڤ بەروازەیەکێ جوانتر وژیهاتیتردا . پسیارا لبەر چاڤێنمە خو دهەلاڤێتن ئەوە : چەوان ئەم دزانین چیروکا زەمبیل فروشی بەرهەمو ڤەهاندنا مرادخانێ بایەزیدییە نەیاکەسەکێدی ؟!

بو بەرسڤاڤێ پسیارێ مەچەند بەلگە وێن هەین :

١ ـ ددیماهیا چیروکا زەمبیل فروشیدا ناڤێ (مرادخان) ی هاتیە :

**سەدو نەوەت سال بوریە
پاشی هەزارا هیجرییە
(مرادخان)دبێت سەرهاتییە
بشیعرو گوتنەک خۆش**

زەمبیل فروش ـ ب :٣٢

ئوئەم دزانینچو هۆزانڤانێن دییێن کرمانجی نینن ، ناڤێ وی (مرادخاان) بیتن ، ژبلی مرادخانێ بایەزیدی .

٢ ـ مێژوڤانێ مەزن (ئەمین زەکی) دیسان دکتور (بلەچ شێرکۆ)ی ، هەردوکا نڤیسییە مرادخانی هۆزانێن (ئەڤینیێ وسۆفیاتییێ) ڤەهاندینە . ئاشکەرایە چیروکا زەمبیل فروشیژی چیروکەکا ئەڤینیێ وسۆفیاتیێیە ئەڤەژی خالەکا (نوقطەکا) دگەل هزرا مەیە .

٣ ـ کاغەزا شێخ بەشیر کوڕێ شێخ محمد طاهری بوسەیدا (گیبیو موکریانی) هنارتی ، تێدا هاتییە : « ئەڤ چیروکە ـ ئانکو زەمبیل فروش ـ هۆزانڤانێ کورد مرادخانێ بایەزیدی یادانای وڤەهاندی . (بەرێ خویدە : زەمبیل فروش ـ مرادخانێ بایەزیدی ـ کومکرناسەیدا : گیبیوموکریانی ـ چاپخانەیهەولیر ـ ٧ ١٩از ـ چاپێ یەکەمین ـ ب : ٥ـ٦) .

بێگومان نوکە بومە دیاربو ، سەرهاتیا زەمبیل فروشی دانان وڤەهاندنا مرادخانێیە ، ئەڤەژی وێ ناگەهینیت ئەڤ چیروکە دفولکلورێ کوردیدانینە ، بەلکو بەروڤاژی میناەگوتی ، یاهەی ، هوزانڤانی یاژفولکلوری وەرگرتی ، گرییە هۆزانێن پرجوان وبەرز .

ناڤێ زەمبیل فروشی یێ ژراستا وەکی سەیدا (گیبیوموکریانی نڤیسی ، میرسەعید کوڕێ حەسەن پاشای دیاریەکرییە ، براستی ئەز گەلەک لڤی گەڕیام دناڤ سەرەکانیێن دیروکا کوردیدا ، وەلێ مخابن منچو ژێنەزانی ، پروفیسور (حاجیێ جوندی) دبێژیت : « زەمبیل فروش کوڕێ پاشایێ (مەغرب)ێیە ، ناڤێ وی نێزیکی ناڤێ (صقر)ێ عەرەبی یە ... » . (پروفیسورحاجیێ جوندی ـ خوەندنا زمانا کرمانجی ـ یریڤان ـ چاپاسالا ١٩٣٧ز . دیسان : قصص شعریە کردیە ـ وەرگێرانامحمد توفیق وردی ـ بەغدا ـ چاپخانا الارشاد ـ ١٩٦٥ ز ـ ب : ٩ ـ ١٦) .

سەیدا (عبدالرقیب یوسف) نڤیسییە ، چیروکا زەمبیل فروشی لباژێرێ (فارقین) پایتەختا دەولەتا دوستەکیا کوردی پەیدابویە ، ئودبێژیت . زەمبیل فروش ناڤێوی (أبی سافر)ە ـ محمد ابن أبی الصقر ـ ئو ژ (أبی صفر) هاتیە وەرگرتنو گوهڕین .

(یوسف : عبدالرقیب ـ الدولة الدوستکیه في کردستان الوسطی ـ چاپخانا اللواء ـ بەغدا ١٩٧٢ز ـ جـ١ ـ ب : ٣٦٦) . جارێ نڤیسینو وئاخفتنێن بوری لبێژنگیدکەین کانێ دێ چ بسەرکەڤیت . بهزرامن ناڤێ (صقر)ی نێزیکی ناڤێ (زەمبیل فروشی) نینە ! بەروڤاژی گەلەک وگەلەک ژێک دویرن ، نەخاسم زەمبیلفروش هەز ناڤێ مفی نەبویە . بەلکو کارێ وی بویە پشتی ژدەف یاییخو دەرکەتی . دیسان ئەڤ چیروکە لباژێرێ (مەغرب)ێ ، ئەوێ دکەڤیتە کوردستانا ـ تورکیا چێنەبویە چونکی وەکی دفولکلورێ کوردیدا هەیە ، چیروکا (مەمێ ئالان) لڤی باژێری یارویدای نەیا زەمبیل فروشی ، دیسان لباژێرێ (فارقین)ێ ژی نەرویدایە ، ئەگینا بوچی (مرادخان)ی ناڤێ هندەک بازێرێن دی یێن ئینایین دچیروکێدا نەئەڤێن مە گوتین !!

مرادخان دبێژیت ، چیروکامە لباژێرێ (مێردین ـ ماردین)ێ یاپەیدا بوی :

**حەتاکو چونە (مێردینێ)
کۆخەک لجولی دی بتنێ
گوتی وەرن دا بچینێ
چێترە ژڤەسرەکا خۆش**

زەمبیل فروش ـ ب : ٢٢

بەری تەڤاڤبونا چیروکێ ناڤێ (مێردین)ێ جارەکادی تێتەڤە ، گاڤا زەمبیل فروش بریارێ ددەتن ، ئەو وخێزاناخو ژمێردینێ دەرکەڤن :

**زەمبیل فروش دبێژتە ژنێ
لڤێرێ روینە ئیشەڤ تنێ
سوبە دێ چین (مێردینێ)
بو جهەک دلێ بتن خۆش**

زەمبیل فروش ـ ب : ٣٠

چیرۆک
حەسەنێ ئالیکی

٥ ـ خووێ ژی (تنەبی) ..
**٦ ـ وەسا هێدی .. هێدی
مەخاریە ..**
**٧ ـ مەبخو حەنەکو لاڤەردی
کرینە ..**
**٨ ـ دەلالێ دلێ من گاڤانێ
گوندیە ..**

عەیشان عاجز بو چنکو مێری وێ لمال نەبو خوڤەقوتا ئوگوت :

**١ ـ دێهلێ بویکا قازی
مەفلەنگێ بویکا مفتی ..
ئو پوشتوحیزێ بویکا
گاڤانێ گوندی ..**
**١ ـ شڤێدی بسمامێ من
ژسەفەرێ هاتیە ..**
**٢ ـ خەلاتەک تژی زێڕبو
من ئانیە ..**
**٣ ـ سێڤ نەقەبا منوخودا
ویدا نیە ..**
**٤ ـ هێدی ـ هێدی لب ـ
لب مەخاریە ..**
**٥ ـ حەتا سپێدێ حەنەکو
لاڤەردی مەکرینە ..**
**٦ ـ حەتا لیکلێ سەحارێ
بانگدای یە ..**
**٧ ـ پسمامێ من ڕابویە
قەربوجاغێ بایسوار بویە ..**
**٨ ـ قەستا دەستە برایێ خو
گەنج خەلیل کریە ..**

عەیشان عاجزبو وخوڤەقوتا دەستدا هوسکێ ئو لهەردو خویشکێیتخو ئو ژناگاڤانێ ڕاوەستا بهوسکیا ژ مالاخو کرنە دەرێ ، دبەر لێدانێڕا یادبێژیت :

مێرێ من نە وەکی مێرێت هەوەیە قومارچیە سەرسەریە ئان گاڤان .. دەرکەڤن ژمالامن ئو نەهێنەڤە .. راستی ئەو شولا ئەوپێ چوین زانین دابخو دەرکەڤن ، دەماهەر سێ ژن چوینەنک مامێ سمائیل بو ڤەگێڕا یا دیتیئو یاگولێ بویژعەیشانێ ، سمائیل گەلەک عاجزبو وشەرمکر ژ فەهرا خو گوتە سەروکێ بازرگانی : کا تو وەرە دەستێ من من عەیشان پێشکەشی تەکر ، حاجی بەدران سەروکێ بازرگانا زوی چودەستێ سمائیلی ئو بخو عەیشان ژێ قەبیلکر ، دەما خولاما کوتیە عەیشانێ کو بابێ وێ یا دایە سەروکێ بازرگانا عەیشانێ چ پیرت بسەرێ خوڤە نەهێلا هەمی دابچڕی .. سەروچافێتخو بنەینیکا دادڕاندنە خارێ .. هندیکر ئو نەکر ئو خو تێکدا چ ڕێک نەدیتن ، قەستا بابێخوکر ئو گو گوتێ : ما تو نەبوسلمانی !! تە چاوا ئەزدامە سەروکێ بازرگانی ما ئەز مەهرکریا حەسەنی نینم .. مەهرا لسەر مەهرێ چاوادرست دبیت ، ئەز بحەلالی یاپسمامێ خومە مەهرکریا ویمە .. بابێ وێ گوتێ : مێریتەچو فەستا دوژمنێ منکر وی چڕ مەهرنینە ژنا وی یا ژێ چویە ، عەیشان بێهیڤیبو زانیکو بابێ وێ دێهەروێ دگەل کەت ، سپێدێ دگەل ئێکی کاغەزەک بو حەسەنیشاند ئو تێدا نڤیسی کو بابێ وێ چ بسەری یائینای ، چەندڕوژ پێڤەچون حەسەن هاتەشەرێ مامێخو ، بو شەڕلنابەینا حەسەنی ئوسمائیلی حەسەن یێ بتنێ بو ، حەسەن بێسەروبەرکر ، ژ سەرێخو بریندار بو ، گاڤا عەیشانێ دیتی کو حەسەنێ بریندارە ژ سەرێخو ، پێ گوت ئو کرە قیری :

**١ ـ مێرگادەرزی داخا
شەوتی**
**٢ ـ شەڕێ مێرێمنە
دگەلدوژمنی**
**٣ ـ حەتانوکە برین
لپسمامێمن تنەبون**
**٤ ـ نوکەبریندارە ..
بریندارە بێ خودانە**

ئیناحەسەنی گولێبو دەنگێ دەلالادلی چویێ :

حەسەنێ جاب لێڤەگێرا ئوگوت :

**دوتمامانێ خەما نەخو
خەمامن بخودێیە
بەرخێتێر بو گێرێیە
نزانن دەربێت مرنێیە**

دبێژن شەڕێ چەندڕوژاکێشا گەنج خەلیل دهەوارا حەسەنیهات ، دهێتەڤەگێڕان ، لەشکرێ سمائیلی شکەست ، سەروکێ بازرگانی هاتەکوشتن ئو حەسەنی مامێ خوژی کوشت ئو ڕونیشتەجهێ وی .

حەسەنی نەهێلا گەنج خەلیل بزڤڕیتەڤە مانەد گەلێک بونە دەستەبرا براستی ، هاریکاریا ئێکودو کر ، ئو مانەد گەلێک .

ئاگەهداری

● برادەرەکی ژ دهوکێ یانڤیسی لیناڤێ (عەباس مەحەمەدی) وەکیمە کاغەزاوی خاندی بکوتەکی یاڕاست مەنەزانی وی چدڤێت دیارە یاد دلێ ویدا نەنڤیسیە هەرێ لدوا زڤڕی ، هیڤی دکەین جارا دهێت بدرستی بنڤیسیت چەپا نەدەت .

هەکە بەحسێ زمانێ کوردی بیت زمانی ئێکە نابنەدو ... دبیت شێوە دژێکجودابن بەلێ بنەتار ئێکە ...

لناڤ هەمی املاەتا شێوێت جودا ... جودا یێت هەین ئەڤە نەدبیتە ئالوزی ئو سەنگەرە نینە درێکا ئێکاتیێ دا ، ●

● برایێ چاک (مەحەمەد ئەتروشی) چیروکەکا درست یاهناراتی خەتێ وی زورێ باشە هیڤی دکەین جارەکا دی نسەر هەردو لاپەڕا نەنڤیسیت .

● هیڤیامە ئەوە ژ نفیسەڤانا بێهنا خو فرهەکەن دگەل لاپەڕێ ، هەر تشتەکێ هوین ڤرێکەن دێ هێتە بەلاڤکرن بڕوژا خو لەزێ نەکەن .

هاوکاری



چیایێ مەتینا بمازێ ئود یندارە
نوهالوگەلی ئوکێرێ وزنار
قلوزو بلند بەروژو نزار
لەنداميرچاکا لەشکرێ هشیار

هافیناد بوریت مەتینخەملی
پاویز گەهشتێ گوڤەندکەملی
فڕوکەهاتن وەک طەیروکولی
لعەسمانا سهکر وەک بەلگێت چولی
یێ لهیڤیێ بگرن مەتینێ بکەسەر
لەشکرێ ئازا ژ باغی بکەنەدەر

بیستانو وەرزو درامەتسوتن
ئاڤاهیی ومالوخانی هەڕفتن
بچیکوژن ئوپیرەمێر کوشتن
دەوارو پەزوچێلو گول گرتن
خەونە خیالی چ پیسەهزر
چ پیسی نەما دوژمنی نەکر
گێر گەهشتەهەستی ڕابوڤە لەشکر
بوباغێ مەتینی هەرئەوە بکر
خشیاڤی چیای ژ هەرچار کنارا
قول قولەهاتن ژ پالەو جوتیارا ئەم دەرناکەڤین ژناڤ باغێخو

پێشمەرگێ گوردان مێرکێ هەوارا
ئەو مەلکەموتێ ڕەشێ زوردارا
ئەی مێرێ چیا سەرێ خوڕاکە
ببینە کینەلدورتە جەمیا
خویناخو ڕێتی کێری وگەلیا
دوژمن بن گورکر بەژناتە ڤیا
وەلاتێ جان مەهەمیاخارو
ئەم هەمی هەڤالوبرا
سویندا خو بصوژە وەک فەرزوچرا
دا هوین ببورن سەر ڕێکوپرا
سپێدە هەلاتو دوژمنێ شکەستی
کەڤو تکابلند ئینادەر ژدەستی
مەگەلەک نازدار هیلامەتینی
زێدە بووانا توی شرینی
مەفوکرێ حەیفو بەدلوئەڤینی
لمە شاهینە نەکو خەمگینی
برینا تێدا کەسەرانەخو
قەدتوئەبەدەن بساخیاخو

institut kurde de paris

پایزی جاران و لێکۆڵینەوەیەکی تر

- ئەحمەد تاقانە -

(پایزی جاران) کۆمەڵە هەڵبەستەکەی مامۆستا (محەمەد ساڵح دیلان) . کە لە پەنجاوهەشت لاپەڕە ، لە چاپخانەی کامەرانی - سلێمانی ساڵی ١٩٧٣ لە چاپ دراوە ... بە پێویستم زانی کە باری سەرنجی خۆم - لە بارەی ئەو کۆمەڵە هەڵبەستەوە - بخەمە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز ... پێشەکی حەز دەکەم ئەم چەند تێبینی‌یە بخەمە ڕوو :

١ - لێکۆڵینەوەکەی کاك (دڵشاد مەریوانی) ، لە هاوکاری ژمارە (١٧٧-١٧٨)دا بڵاوی کردەوە ..(١) هۆیەك بوو لەو هۆیانەی کە پاڵیان پێوەنام بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەم .

٢ - ئەگەر لایەنێك هەبێت کاك مەریوانی باسی کردبێ و من باسم نەکردبێ ، ئەوە ناگەیەنێ کەوا لە گەڵیدام لەو بۆچوونەیدا ... هەروەها پێچەوانەی ئەوەش ناگەیەنێ .

٣ - هەرچەندە شیعری مامۆستا دیلان پەیوەندی‌یەکی زۆری بە گۆرانی و (مەقام)ـە کوردی‌یەکانەوە هەیەو ئەو باسەی کە کاك دڵشاد کردوویەتی ، پێویستە دانی پێدابنرێ کە سەرنجێکی زیرەکانە بوو (بەڵام تەنیا بۆ زانینی ئەو پەیوەندی‌یە) ..! تەنانەت من بەخۆمدا ڕانابەرموم کە لەو لایەنەوە بدوێم .

زمانی شیعری دیلان :

لەگەڵ ئەوەی کە زمانی شیعری دیلان زمانێکی کوردی‌ی سفت و رەسەن و خاوێنەو شێوازێکی تایبەتی بەخۆی هەیە ، کە لەوانەیە ئەگەر یەکێك شارەزای شیعرەکانی دیلان بووو ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیداکرد ، بتوانێ پێش ئەوەی ناوی دیلان لەسەر پارچەیەکی نوێیدا بخوێنێتەوە بزانێ کەهی دیلانە .. لە زۆربەی زۆری هەڵبەستەکانیشیدا زمانێکی شیعری جوان و رەوان و سازونەرم خۆی دەنوێنێ ، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ شوێنی کەمدا دەبینین رستەی وای تێدایە کە زۆرتر لەقسەی سادەدەچێ نەك لە شیعر . بۆ وێنە ، دەڵێ :

(بێجگە لەمەش ...) کەم کەس هەبوو وێنەی ئەو
بەرامبەر دۆست بێ کینەبوو سینەی ئەو(٢)

کە مرۆڤ گوێی لە (بێجگە لەمەش ..) دەبێ ، هەست بەپچڕانێکی لەپڕی هەڵبەستەکەدەکات و چوونە ناو ڕاپۆرتێك زیاتر بەدی دەکات .. ڕاستیشە کە لە شیعری (درامی)دا زۆرجار شاعیران هەر بەقسەی ڕووتەوە دێنە سەرباسی جۆراو جۆر ... بەڵام ئەم چامەیەی دیلان گەلێ لەشیعری (درالی)ـیەوە دوورە پەرێز دەوەستێ .

یان کە دەڵێ :

(ئەم دواییەش) کە کەوتەدوا هەناسەی
ئەم ووشانەی سەری ئەکرد بە تاسەی ..(٣)

کە لەبڕگەی (ئەم دواییەش)دا هەمان شت دەبینین .

دیسانەوە لەهەندێك شوێندا دووبارە کردنەوەی رستە ، بێ ئەوەی پێویستی‌یەك هەبێ ، وەکوو بڵێی رستەی پێشووی راڤە بکات وایەو تامی شیعری بڕگەکە تێك دەدات و ئەو باڵە سروش بەخشەی شیعرەکەمان لێ دەشکێنێت ... وەکوو دەڵێ :

کام شەو رەش بوو .. کامی تاریك و تاربوو .. (٤)

یان دەڵێ :

تاقە کوڕبوو ، تاقانەبوو ..(٥)

یان دەڵێ :

بۆ سبەینێ .. بۆ بەیانی ...(٦)

یانیش :

کارامەبوو ، کارگوزار بوو ...(٧)

ئەم دووبارە کردنەوەیە ، بێزاری‌یەك بۆ خوێنەر دەهێنێ ، بەتایبەتی کە ئەم سەردەمە سەردەمی تیژڕەوی و دوور کەوتنەوەیە لە درێژەدان ، نەخوازەڵا ئەگەر پێویستی‌یەك نەبێ بەو جۆرە دووبارەکردنەوەیە ..

لێرەدا حەزدەکەم ئەم دێڕەی دوواییەیان تەواو بکەین و سەرنج لەواتەکەی بدەین :

کارامەبوو .. کارگوزاربوو
وێنەی ڕۆڵەی لادێ و شاربوو

ئەگەر ڕۆڵەی لادێیش و ڕۆڵەی شاریش کارامەو کارگوزار بن ، ئەدی کێ کارامە نی‌یەو .. کارگوزار نی‌یە ؟! رەوەندەکان ؟!..

کە دێینە سەر باسی تاك تاکەی ووشەکانیش دەتوانین بڵێین کە بەچەند ووشەیەکی وەك : وادە ، گەرەسێر ، ئەڵوەن ، لەیلاخ .. ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دیلان سوودی لەتاك تاکەی ووشەکانی مەولەوی وەرگرتووە ... یان کە ئەم بڕگەیە دەخوێنینەوە کە دەڵێ:

(بەیانی‌دا) لەئاسۆی نیشتیمانا .. (٨)

ئابەم (بەیانی‌دا)یە ، (بەیانی‌دا سفیدەی ئانی سێوان) کەی (نالی)مان دێتەوەیاد .

لەبارەی ئەو جووتە ووشانەیشەوە کە مامۆستا مەریوانی باسی کردوون ، وەك: پاراووتێر ، گێژوویژ ، مل و گەردن ، ئاڵوگۆڕ ، بەنرخ و گران .. دەڵێم : ئەمە شتێکی ئاسایی‌یەو زۆر بەرچاودەکەوێت ، بێجگە لەوەی کە لە هەندێك شوێندا دیسانەوەبەجوانی نازانم ، بەتایبەتی کە ئەو جووتە ووشانە یەك واتەدەگەیەنن و لەبنەڕەتدا تەواو کەری یەکتری نیین .

لەنێوان مەولەوی و دیلان‌دا :

زۆرجار گوێمان لێدەبێت کە مامۆستا دیلان یەکێکە لە شاگردەکانی مەولەوی .. هەروەها کاك دڵشادیش ئەو باسە دووبارە دەکات وهەڵبەستی (جەمیل‌ی جوانە مەرگ)ەکەی مامۆستا دیلان بۆ بەڵگە دەهێنێتەوەو گوایە دیلان پەیڕەوی مەولەوی دەکات لەوەدا کە (شتی سروشتی)یان (گوڵ) بە (جەمیل)دەچووێنێ ... بەپێچەوانەی شاعیرانی ترەوە کە یارەکەیان یان دۆست و خۆشەویستیان بە شتی سروشتی دەچووێنن(لەهەست دەربڕین‌دا) .

وەکوو ئاشکرای ئەدەبدۆستانییشە کە بۆ یەکەم جار مامۆستا عەلائەددین سەجادی ئەم ئاگرەی خۆش کردووەو ئەم دێڕەی مەولەوی هێناوە :

گوڵ چون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان
وەفراوان چون سەیل دیدەی‌من جۆشان

لەبارەی ئەم دێڕەوە دەڵێ :(مەولەوی تەنها بەم شیعرەی بەجاری ئەدەبی کوردی‌ هەڵگێڕایەوە ... هتد) ..(٩)

هەروەها مامۆستا (أ.ب.هەوری)یش هەر شوێن پێی مامۆستا سەجادی هەڵگرتووە ،گوایە مەولەوی (کاری وێژەیی پێچەوانەی وێژەوانان)کردووە . (١٠)

بۆ ئەم دێڕەی مەولەوی ، لەدیوانەکەیدا گەڕام ، بەو جۆرە بەرچاوم نەکەوت ، تەنیا دێڕێکی بەو جۆرەی خوارەوە لە چامەیەکیدا بەرچاو دەکەوێت :

چەمەن هام لیباس سەوزەرەنگ پۆشان
وەفراو چون ئەسرین دیدەی‌من جۆشان ...(١١)

لێرەدا ئەگەر تەماشایەکی پارچەکە بەگشتی بکەین ، دەبینین مەولەوی باسی سروشت دەکات و بەشێوەیەکی ئاسایی و رەوان بەرزدەبێتەوە تادەگاتە لووتکەی لێچوواندن ، ئەوسا سروشتەکە ، یان لە یارەکەی ،یانیش لە خۆی دەچووێنێ .. مەولەوی مەبەستی نی‌یە کە بەپێچەوانەی شاعیرانی تر هەڵوێست بنوێنێ .. لێرەداهاو کێشەیەك و دوو (لا) مان لەبەر دەمدایە .. سروشت و خۆشەویست ، کە باسی سروشت دەکات بەخۆشەویست یان بەخۆی دەچوێنی ، کەباسی خۆی ، یان خۆشەویست دەکات ، بەسروشتی دەچووێنێ ، بەم جۆرە .. بێ ئەوەی بەدووای بابەتدا بگەڕێ و خۆی ماندوو بکات .. بێجگە لەوە هەر لەسەر باسەکەی دەڕواو بێ ئەوەی یەکیەتی و ڕەوانی قسەکەی بپچڕێ ... باهەندێك وێنەی‌تریش تەماشا بکەین ، بۆ ئەوەی پتر بۆمان روون ببێتەوە .

بۆ نازدارێکی جاف مەولەوی وتوویەتی :

چون چیهرەی خەیاڵ روخسارەکەی وێش
نەتۆی پەردەی دڵ مەعدوومی دڵ ڕێش
نمانا جەمین شای سۆسەن خاڵان
کەم کەم چە گۆشەی لای سیامالان ...(١٢)

دیسان باسی زوڵفی عەنبەرخاتوونی خێزانی دەکات و دەبێژێ :

دڵەی دڵ وەمەی مەیل لەیلێ کەیل
مەحرەم وەڕازان خەڵوەت خانەی لەیل
لانە حەلقەی زوڵف عەنبەربۆی شەوڕەنگ
هام دەم جای تەنگ ئەنجەدسەرای سەنگ ..(١٣)

دیسانەوە بۆ عەنبەر خاتوون:

هەرماهێ نەوبۆ حاڵ پەشێوەن
چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن
نەشەو راحەتم ، نەڕۆ دڵشادم
شەو زوڵف و ڕۆ ڕووت مەوزۆوەیادم
شەمشادو نەرگس وەنەوشەی چەمەن
سەیرشان ئازار بینایی چەمەن
ئەومارۆ بەویر تەرزەکەی باڵات
ئەو دیدەی مەستت ، ئێدخاڵ ئاڵات ...(١٤)

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم باسە باسێکی دوورو درێژەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ هەیە ، کە لێرەدا ماوەی ئەوەمان نی‌یە ، بەڵکو ئەوەندەی کەباسمان کرد جۆرە درێژەپێدانێکی تێدا بوو .. با باسە سەرەکی‌یەکەشمان لەبیر نەچێت و بێینەوە سەر(جەمیل‌ی جوانەمەرگ) ..

جەمیل جوان بوو .. گوڵ وێنەی ئەو ئەنەخشا
وەکو جەستەی لەو هەردانەئەپەخشا ...

باسی جەمیل دەکاو .. ئینجا هەڵوێستەیەك دەکات و ... ئەوجا دێتەوە سەر گوڵ ..دووبارە بادەداتەوە سەر جەمیل ..! ئەم خۆ گواستنەوەدەست هەڵبەستە پچڕ پچڕە ، رەوانی‌ی شیعرەکەو زنجیرەی باسەکە پتر لەجارێ دەقرتێنێ .. ئەم باز بازۆکێ ناپێویستەهەر بۆ ئەوەیە کە لێچواندنەکە بەپێچەوانەوە بێ و گوڵ بەجەمیل بچوێنێ ... ئەمە لەو جۆرە لێچوواندنەکەی مەولەوی‌یە نی‌یە .. بەڵکوو کارلێ کراوی‌یەکی سادەیە ..کە دەشڵێم کارلێ کراوی .. بۆیە دەیڵێم .. چونکە دێڕێکی مەولەوی هەیە هەر کوت و مت ئەو دێڕەی (دیلان) دەیهێنێتەوەیادمان .. دێڕەکەش ئەمەیە .

جەهەر تەرەفدا موینوون گوڵزار
رەنگ ڕەنگ مەدرەوشۆ بەوێنەی دڵدار (١٥)

بەڵام جیاوازی دارشتنی هەردوولا دیارە .

هەندێك لایەنی کارلێ کراوی تریش :

لە دوو شوێندا ، دوو دێڕی دیلان ، دوو وێنەی (گۆران)مان دێنێتەوەیاد . یەکەمیان ئەوەیە کە دەڵێ :

بروانە ل ٧

هونەر و فۆلکلۆر

عەبدوڵلا سەڕاج

بەر لەوەی بچینە ناو باسەکەوە ، باش وایە بزانین وشەی فۆلکلۆر چی ئەگەیێنێ . ئەم وشەیە لەڕاستیدا لەدوو وشە پێك‌هاتووە فۆلك ولۆر واتە جێماوەی میللی یان ئەو هونەرو وێژانەی گەل دروستی کردووە ، بێ ئەوەی خاوەنێکی تایبەتی‌ی هەبێت . فۆلکلۆر ئەو هەموو کارانە ئەگەیێنێت کە ڕۆڵەکانی گەلێك ئەیهێننە بەرهەم ، کەوا رەنگدانەوەی ژیانی ڕۆژانەیان و بیروسەرنجیانە لەبارەی گیتی و ژیان . وشەی نەستەق و بەیت و باڵۆرەو پەندی پێشینیان و ئاوازو هۆرەو گۆرانی‌ی شایی و شین و درەو هەموو روویەکانی ژیانیانە ، هەروەهاش ئەو داستان و ئەفسون و بڕوایانەیە کە جێگەی خۆی کردۆتەوە لەمێشکی خەڵك‌دا ، جۆری بەرهەمهێنانی کەل و پەل و پێداویستەکانی ژیان و گەلێ شتی تر . نرخی ئەم (عنصرە) فۆلکلۆریيانە لەدەربڕینی هەست و ناخی مرۆڤایەتیيە

بروانە ل -٧-

چەند سەرنجێك لەبارەی

«زاراوی کارگێڕی»ی کۆڕی زانیاری کورد

عزیز گەردی

شتێکدا دەمەوێ بڵێم کەلێرە ، لەم شوێنەدا بەهیچ جۆرێ ناکرێ لەباتی (الشخصیة)

- بەشی سێیەم -

(٤) بۆ (السلامة الشخصیة) (ئێریایی‌تەن) دانراوە . بێ گومان ووشەی (تەن) بەتەواوی مانای (الشخصیة) نادات . (تەن) بەمانای (البدن) دێت ، ئەم ووشەیە چۆن لەکوردی‌دا هەیە ئاواش لەفارسی‌دا بەکاردەبرێ . زۆر لەمێژە لەکتێبی قوتابخانەکان‌دا (تەندروست - تەندروستی) کەوتۆتە ناوەوەتا رادەیەك جێی خۆی گرتووە تەنانەت وای لێهاتووە لە هەواڵ پرسینی رۆژانەی نێوان دۆست و برادەرانیش‌دا باوی سەندووە ، جا ئەگەر مەبەست بە زاراوی (السلامة الشخصیة) لایەنی لەش‌ساغی بێت ئەوا بەکار هێنانی (تەندروستی) خراپ نی‌یە ، ئەگەر چی هەندێ ووشەی تریشمان‌هەن دەشێ وەك زاراو لەم شوێنەدا بەکار بهێنرێن . لەکوردی‌دا لەهەندێ ناوچە (تەن) بۆ - البدن - بەکار دەبرێ ، لەهەندێ ناوچەی دیکە (لەش)و لەبرێ ناوچەی تریش بەتایبەتی ناوچەی هەولێر ووشەی (قالب) بەکاردێ ، وەك « قالبم دێشی » « قالبی سووکە » « قالبی گرانە» هەندێ جاریش ئەلفەکەی کورت دەکرێتەوەو دەگوترێ «قەلب»، هەرچۆن بێت ئەم , قەلب و قالبە) لە عەرەبی‌یەوە خۆی هاو یشتۆتە ناو زمانەکەمان .. بەلای منەوە ووشەی (لەش) لە (قالب)یش و لە (تەن)یش کوردی‌ترە و لە هەردووکیشیان باووبڵاوترە ، چونکە وەك گوتمان (قالب) لە عەرەبی‌یەوە هاتووەو (تەن) فارسیش بەکاری دێنن ، بەڵام ووشەی (لەش) ووشەیەکی رەسەنی خۆماڵی‌یەو لەکەس وەرنەگیراوە بۆیە بەکارهێنانی لەش لەجیاتی(تەن) رەنگە کوردانەتر بێت .

بۆ ووشەی (ئێریایی)ش بەبڕوای من ئەم ووشەیە دەگەڕێتەوەسەر ووشەی(ئێری)کە لە (زەندوپازەند)دا بە مانای (پیاو - ناقۆلا - ئازا)بەکار هاتووە(١) وئیدی لەپاشان هێدی هێدی گۆڕانی بەسەرماناو داڕشتنەوە داهاتووەو ماناکەی بووە بە ساغی‌وسەلامەتی‌و داڕشتنەکەشی لە (ئێری)یەوە بووە بە(ئێریایی) ..

بەلای منەوە ئێریایی نەختێ گرانەو درێژە ئەگەر ووشەی (ئێری) یە بنەڕەتی‌یەکە بەکاربرێ باشترو سووکترە .. ئەگەر هەر سووربین لەسەربەکار هێنانی ووشەی (تەن) لەجیاتی (لەش) ئەوا لام وایەلەجیاتی (ئێریایی تەن)یاوەك من دەڵێم (ئێری تەن)ووشەکان پاش و پێش بکرێن جوانترو رێك وڕەوانترە وەك بگوترێ (تەن ئێری) لەسەر شێوەی (تەندروستی -تەنپارێزی) جگە لەمانەش دەتوانین لە باتی (ئێری) یا(ئێریایی) ووشەی (ساغ) بەکار بێنین کە ووشەیەکی کوردی زۆرباوە بەتایبەتی بۆ لەشیش بەکاردێ ئیدی ئەگەرلەباتی (تەن‌ئێری)و (ئێریایی تەن) ، (لەش ساغی) بخرێتەکار کوردانەترەو خەڵك ئاسانتروەری دەگرن وزووتر تێی دەگەن وکاریگەرێکی تایبەتی‌هەیەلەدڵ و دەروونیانەوەئەگەرچی لێرەش‌دا (لەش ساغی) هەروەکو (ئێریایی‌تەن) و (تەن ئێری) کت ومت پێستی زاراوی (السلامةالشخصیة) پڕناکاتەوە ، بەڵام وابزانم خۆمان بەوەرگێڕانی‌حەرفی‌یەوە نەبەستینەوە باشەو هەوڵی ئەوە بدەین زاراوی‌خۆماڵی بدۆزینەوەو بەکاربێنین باشترو پەسندترە .

(٥) لەلاپەڕە٤٣٧ بۆ ووشەی(أمی) (نەخوێندەوار)و لەلاپەڕە (٥٠٥) بۆ (محو الامیة) (نەهێشتنی‌بێ سەوادی) بەکار هێنراوە .. بێ‌گومان لەزمانی فارسیش‌دا ووشەی (سەواد) هەیە ، پیاوی‌بەسەواد مانا (Literary mam) و Literate people دەدات‌واتە ئەهلی ئەدەب و مرۆی رووناکبیر ، بێ سەوادیش‌مانای (أمی - بلا علم - بلا معرفه) دەگەیەنێ(٢)، مامۆستاشێخ محمدی خاڵیش لە فەرهەنگەکەی دا ئەم ووشەیەی‌باس‌کردووە ، واتە بەکوردی داناوە .. بەڵام هەرچۆن بێت‌من لاموایە ئەم دوو زاراوەیە یەك بخرێن باشترە یابگوترێ(نەخوێندەوار - نەهێشتنی نەخوێندەواری) بابنووسرێ ،(بێ سەواد - نەهێشتنی بێ سەوادی) .. بەلای منەوەیەکەمیان کوردانەترو باوترە لەدووەمیان بۆیە ئەگەر(نەخوێندەوار - نەهێشتنی نەخوێندەواری) بەکار ببرێ سەرکەوتووترە لەوی دی ..

بەگوێرەی ووشەی (تناسل)یش هەمان جیاوازی هەیە .. (تناسل) بە تەنیا (زاوزێ)ی بۆدانراوە ، کەچی بۆ (الجهاز التناسلی) ووشەی (رشتە)ی دانراوە ، (رشتەی وەچە) دەبوایە لێرەدا ئەم جیاوازی‌یە [illegible] (رشتە) بەمانای (جهاز) نادات [illegible]

(٦) لەلاپەڕە (٥٠٢) بۆ (مثلث) (سێ گۆشە) دانراوە ، [illegible] (مثلث) [illegible] سێ چی‌یە ؟ [illegible] تەماشای (منجد) [illegible] دراوەتەوە : « مثلث : سطح یحیط به ثلاثة خطوط (٣٠٠) » واتە [illegible] ئینگلیزی [illegible] Triangle [illegible] Angle و پێشگری Tri [illegible] Angle مانای گۆشە - زاویە - دەدات Tri پێشگرێکە [illegible] مانای سێ دەدات وەکو: Trianjle سێ‌گۆشە ، Triatonic [illegible] ثلاثی الذرات Triennial سێ سالیی ، Trigraph سێ‌پیتیی ، Trilingu سێ زمانی ..... بەمجۆرە پێشگری Trigraph مانای سێ دەدات ، کەواتە Trianjle یانی سێ‌گۆشە .. لێرەدا ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە [illegible] (گۆشە - زاویە - Angle) [illegible] (سووچ) [illegible] (سێ‌سووچ) [illegible] (سێ گۆشە) [illegible] (سێ سووچ) [illegible] قوتابخانەکان [illegible] (سێ‌سووچ) .

(٧) بۆ (اضبارە) (دۆسیە)و بۆ (الاضبارە الشخصیە) (دۆسیەی تەن) بەکار هێنراوە ل ٤٣١ ، جاری لەپێش هەموو ووشەی (تەن) دابنێین ، چونکە وەك لەپێشەوە باسمان کرد ئەگەر مەبەست لە ووشەی (الشخصیة) لایەنی (الجهاز جسدی) [illegible] بێت دەتوانین (تەن) [illegible] (الشخصیة) [illegible] (لەش - تەن) [illegible] (الاضبارە الشخصیة) [illegible] (دۆسیەی کەسایەتی) یان (دۆسیەی [illegible]) [illegible] (دۆسیەی تەن) [illegible] ووشەی (دۆسیە) [illegible] (دەوس) [illegible] (دەوس) [illegible]

بروانە ل ٧

سیاسەتی بێلایەنیو خەباتکردن دژی ئیمپریالیزمو جەنگو داگیرکردنو دەستدرێژی ـ پاشماوە

لەبەر ئەوە جەنگو داگیرکردنو چەوساندنەوە بوونەتە نەریتو سروشتی ئەم ڕێژیمەو گەلانی دنیاش بەهەموو هێزێکیانەوە خەباتیان کردووە لەپێناوی ڕزگاربوون لەم ڕێژیمە . وەتاماکو هەوێنی سەرمایەداری لەدنیادا بمێنێ ، سەر بەخۆیی سیاسیو ئابوری دەوڵەتان مەترسی پەلامارو لەناوچوونیان لەسەر ئەمێنێ ، بەپێچەوانەی ئەمەوەسیستەمی سوشیالیستی ڕاستەقینە سیستەمی لەناوبەری سەرمایەداریو جەنگو چەوساندنەوەیەو پشتیوانی خەباتی گەلانە لەپێناوی دەستخستنی سەر بەخۆیی سیاسیو ئابووری‌یان پاراستنی لەمەترسیو لەناوبردن کە ئاواتی گەلانی دنیای سێیەمە .

لەبەر ئەوە بێلایەنی لەنێوان ئیمپریالیزمو سوشیالیزمدا مانای خۆ دورخستنەوەیە لەخەبات لەپێناوی دەستخستنو پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیو ئابوریدا . هەروەکو لەناوەرۆکدا خۆ نزیک کردنەوەیە لەئیمپریالیزم چونکە لەم چاخەدا دنیا بووە بە دوو ئوردووگای گەورەوە ، ئوردووگای ولاتانی خاوەن سیستەمی سوشیالیستیو بزوتنەوەی کرێکارانی ولاتانی سەرمایەداریو بزوتنەوەی نیشتمانی ڕزگاریخوازی گەلانی سەربەخۆو تێکۆشەر لەپێناوی سەربەخۆییدا وە ئوردوگای ئیمپریالیزمو نۆکەرانی .

جاکە مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت ئەبێ دەوڵەتە خاوەن چ سیستەمێک بێت لەچ گۆشەیەکدا بێت کە بەشێکی بە ئوردووگای یەکەمەوە نەبێت ؟!

بێگومان ئەم جۆرە دەوڵەتانە ئەبێ هەر سەر بەئیمپریالیزم بنو ڕێژیمەکانیان بەشێک بێت بەبنکەکانی ڕێژیمی سەرمایەداری گەورە . جالەبەر ئەوە هەر دەوڵەتێکی بێلایەن ڕێبازی پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیو ئابوری گرتەبەرو خەباتی خۆی لەگەڵ خەباتی ولاتانی سوشیالیستیو بزوتنەوەی کرێکارانی ولاتانی خاوەن ڕێژیمی سەرمایەداریو بزوتنەوەی گەلانی ڕزگاریخوازدا گرێداو بەدڵ چووبەگژ ئیمپریالیزمو شەڕو دەستدرێژیو داگیرکردنا ئەوا دڵسۆزانە ڕێگای بێلایەنی ڕاستەقینە بەمانای تازە ئەگرێتەبەر وە بەپێچەوانەی ئەمانە بەناوی بێلایەنی‌یەوە ڕێگا بۆ ئیمپریالیزم خۆش ئەکاتو سەربەخۆیی سیاسیو ئابوری بەهیچ نازانێت .

پاشماوەی : پاریزی جاران ..

کە بۆ چاوی ئەو دیوی جوانترە .
(شێخ) جێی ڕیشکەیە
بۆ ئاری ئەم دیویشی وەک بێشکەیە ...(١٦)

دێڕەکەی گۆران دەڵێ :

گڕی لەشی دامردەوە بەدۆی سەرتەزێن
بەڵام کوورەی دڵی کەوتە بەربای باوەشێن ...(١٧)

بەڵام وەنەبێ دێڕەکەی دیلانیش لەوەی گۆران کەمتر بێ لەجوانیو ڕێکیو دەربڕیندا . دێڕی دووەمی دیلان ئەوەیە کەوتوویەتی :

پاشان نۆرەی بەستەی دەمی هەرزەکاربوو
ئامان ئامان بۆ سروشتی کردگاربوو ...(١٨)

گۆران ، هەندێک لەسەری ئەرواتو دەڵێ :

ئەمەش لەدێدا کانی ژنانە
قبلەی دلداری هەرزەکارانە
ئێوارە پۆل پۆل لاوی کاکۆڵ لول
سەرەڕێ ئەگرن سەرگەرمو عەجول
هەرچەند هاڕەی دێ هەیاسەی جوانێک
لە هێلانەی دەم ئەفرێ ، ئامانێک ... (١٩)

دیلانو کەلەپوور :

مامۆستا دیلان ، وەکوو زانراوە یەکێکە لە کەلەپوور ناسەکانمانو مۆرکی ئەمەش بەشیعرەکانی‌یەوە دیارە .. بێجگە لەو شوێنانەی کە هەندێکیمان باسکرد .. لە دێڕێکی وەکوو :

سالان .. ڕێحانە کێویلەی سەیوان
هەر خۆی ئیکلیل بوو لەوێ لە کێوان ..(٢٠)

بۆنی دێرە فۆلکلۆرییەکەی لێدێ کە دەڵێ :

ڕەشە ڕێحانە خۆمی پێڕەش کەم
لەدوای باڵای تۆ ، دڵ بەکێ خۆش کەم

بەڵام ، بەلای منەوە ، دێرەکەی دیلان گەلێ بەرزترو

یان ـ دیلان ـ هەر چەمکی شیعری کۆن بەکاردەهێنێتو دەڵێ :

چاو هەڵ دێنێ ، جارو بارێ
شیرو تیری لێ ئەبارێ .(٢١)

یان کە دەڵێ :

باوەشێنی گەرمای جێت بم
گسک دەری تۆزی ڕێت بم ...(٢٢)

یانیش :

لووتی بەرز ی کۆڵەکەدار
کوڕە کاژاو دێنێتە خوار ..(٢٣)

ئەگەر لەهەندێک هونەری کلاسیی شیعریش بگەڕێین ئەوا لەم دێڕانەی خوارەوەدا بەرچاومان دەکەوێت :

لەوەردێکا هورووژمی تیژی گوللە
گەرای مەرگی ئەنا وەک پۆلی کولله ...(٢٤)

کەوێنەیەکی جوانی هێناوە، بەڵام وێنەکە کۆنەو لێچوواندنێکە لەئەدەبی لەمەوبەرماندا وێنەی زۆرە . یان :

چێژی (شیرین) بەگەرمی چێشتوو
بۆ (تالی) نۆشین بەسەد دەم تێنوو ..(٢٥)

کە لە دوو ووشەی (شیرین‌و تاڵ) هونەری (موقابەلە) دروست ـ دەبێ ، هەر ئەم هونەرە دیسان لەدێڕی :

چەو نەرما .. سەهۆڵی ناوچەوانم
لەزستانا گرێ ، ئەشکەوتە کانم ...(٢٦)

لەووشەی چلەو ووشەی زستان ، یا لەسەهۆڵو گرێ ئەو هونەرەیێک دێت . لەدێڕێکی وەکوو :

تەلاشی بێ (تەلا) هەرووک تەلاشە
کە (ئایەت) (ئایەتی گیرفانە) ئیمسال ...(٢٧)

لەم‌دێڕەدا جۆرە (جیناس)ێک هەیە .. لەم دێڕەی خوارەوەشدا (لەفو نەشر) هەیە کە دەڵێ :

ترووسکەی سەرفرازیو جووی خەمخۆر
وەکو ئاوات‌و (ئاوی‌مانە) .. ئیمسال ...(٢٨)

کە (ئاوات) بۆ (سەر فرازی)و (ئاوی‌مان) بۆ چاوی خەمخۆر دەگەڕێتەوە ..

هەندێک شتی تریش :

کە تەماشای ناوەرۆکی شیعرەکانی (دیلان)ی ئەمجارە دەکەین دەبینین بەگشتی شیعری سادەی ڕۆمانتیکیو جۆرە پەیڕەوییەک ئاوێتەی یەکتربوون ، یان بابڵێین خۆی ـ کەمو زۆر ـ دەخاتە ئامێزی شیعری کلاسی‌یەوەو خۆی بە هەندێک هونەری کلاسیی ئەوتۆوە دەبەستێتەوە .. کەئەگەر بەپێی ئەوپێوانە کۆنانەبێ دیلان بە شاعیرێکی سەرکەوتوو دەتوانرێ لەقەڵەم بدرێ ..

بەباشیشی دەزانم کەلەم دەرفەتەدا گلەیی‌یەکیشی لێبکەینو بە مامۆستا دیلان بڵێین خۆزگە (برسیمیە)ت بڵاونەکردایەوە .

پەراوێزەکان :

١ ـ بڕوانە ـ هاوکاری ـ ژمارە ١٧٧ ـ ٢٧ـ٧ـ١٩٧٣ ، ژمارە ١٧٨ ـ ٣ـ٨ـ١٩٧٣
٢ـ٣ـ٤ـ٥ـ٦ـ٧ـ٨ پایزی جاران ـ دیلان ـ ١٩٧٣
٣ ـ بڕوانە ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ عەلائەددین سەججادی ـ .
٤ ـ بڕوانە ـ مەولەوی . شای شاعیرانی لاهوت‌و ..هتد ـ أ.ب. هەوری ـ
٥ ـ دیوانی مەولەوی ـ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس ـ .
١٢ـ٣ـ١٤ـ١٥ ـ دیوانی مەولەوی ـ ل (١٨٢) .
١٦ـ١٨ پایزی جاران : ل ٢٨
٦ ـ بڕوانە ـ بەهەشت‌و یادگارو .. هتد . عەبدوڵلا گۆران ـ
٧ ـ بەهەشت‌و یادگار ٢٠ـ٢١ـ٢٢ـ٢٨ پایزی جاران .

پاشماوەی : قاتڵی خەڵکی ئێران

کەس دەزانێ کە ئەوتاوانەکاری خەباتکەرانی ئێران نیەو ئەو کەسەی بۆ پاراستنی کیانی خۆیو ئەستاندنی مافی خەڵک چەک هەڵدەگرێ ، پیرو پەک کەوتەو ژنو منداڵ ناداتە بەر دەسرێژ .

هۆی سەرەکی ئەو چارەڕەشیو نەگبەتیانە ڕێژیمی سەر بەئیمپریالیزمی حەمەرەزا شایەو تا کاتێک ئەو حکومەتە دژی‌نیشتمانیە لەسەر کارە ، خەڵکی ئێران ڕووکاری خۆشیو بەختەوەری ناتوانێ ببینێ . بەهیوای ئەوڕۆژە کە تۆڵەی عومری پڕ لەتاوانی ئەوڕێژیمە دەپێچرێتەوە .

پاشماوەی : جۆرج ئەمادۆ بناسە

● جورج ئەمادۆ ئەندامی پارتی کۆمۆنستی بەڕازیلە ، ساڵی ١٩٣٢ەوە خەڵاتی « لینین »ی لە ئەنجامی خزمەت کردنی گەلو خەباتی بێوچانی دژی سەرمایەداریو ڕەگەز پەرستی پێبەخشراوە . ئەم ئەدیبە گەورەیە ئیستە تەمەنی ٦٠ ساڵەو لەبەڕازیل بەژی .

● جورج ئەمادۆ لە گفتوگۆیەکا ئەڵێ (بە نووسینەکانم هەوڵم داوە کە چارەسەری جیاوازی ڕەگەزایەتی لە بەڕازیلدا بکەمو هانی چینە زەحمەت کێشەکان بدەم پتر دڵ خۆش بن بە سەرکەوتن بۆ ئەوەی بەو هیوایەوە بچن بەگژ خاوەن موڵکە گەورەکانو سەرمایەدارەکانا وە ژیانێکی بەختیاری بۆ گەلی بەڕازیل بەدی بێت) .

پاشماوەی : کەئافرەت لە ..

پیاوو ژن ، گەلێ گرێی سایکۆلۆجی لەلای هەردوکیاندا خوڵقاندوە ، بە تایبەتی لەلای پیاو . بۆیە ئەبینین بەردەوام پیاو ، ئافرەت بە (زەعیفەو فەقیرو بێدەرەتانو بێهێزو کەم عەقل) دادەنێو ئەم پێوانانەی کردوە بە کوتەکی دەستی بۆ سەرپان کردنەوەی ئافرەت .. بەڵام لێوەشاوەیی‌و چاونەترسانو دڵقایمی دەستەیەکی زۆری لە نافرەتی ڕۆشنبیرو پێگەیشتوو ، ئەم ئەفسانە پڕوپوچەی ڕامالیو ئیستاش وا خەریکن زیاتر خۆیان بەسەر واقیعا فەرزئەکەنو بەتوندی داوای مافو ئەرکو کارو سەربەرزیان بلاودەکەنەوە . ئەو ڕۆژەش ئەوەندە بە دوری نابینم کە بەیەکجارەکی بەرەی پیاو لە هەمو گرێوگۆڵەکانی ڕزگار ببێتو مەردانە دەستی دۆستایەتی بۆ ئافرەت درێژ بکات !

هەر لەبارەی ئەم پرسیارەوە خوشکە نەسرین خەزنەدار وتی :

ـ گەورەترین گرێ ئەوەیە، کە بە چاوێکی سووک تەماشای ئافرەت بکرێ . ئەوە لە دەوری دیلیەتیەوە ماوەتەوە وبەهەزاران ساڵ دوروستبوە ئاینیو خاسیەتی ئەتەوایەتی دوری باڵایان هەیە بۆ مانەوەی بەلای منەوە پێشکەوتنی پیشەسازیو تەکنیکی ئەم گرێیانە لە مردن نزیک دەکاتەوە .. !

لەبارەی پرسیاری (ئافرەتی سەردەمو ڕۆشنبیرو چاوکراوە کێیەو چۆنی دەس نیشان ئەکەیت خوشکە خەرامان ووتی :

ـ ئافرەتی ڕۆشنبیرو چاوکراوە ، بەلامەوە ، ئەو ئافرەتەیە ، کە ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ دەکاو دەوری خۆی لە باری کۆمەلایەتیدا ئەنوێنێ ، نەک تەنیا وەک دایکێک یان وەک خاتونی ماڵێک ، بەڵکو ئەبێ شان بەشانی پیاو لەکارکردندا بێ وبەشداری لە دوروست کردنی مێژوودا بکات .. نابێ ئەوەش فەرامۆش بکرێ ، کە ئەبێ : ئافرەتانی ئێمەش وەک هەر ئافرەتێکی هاوچاخ ،ڕووی لە خوێندنو بیرکردنەوەو لێکدانەوە بێ ، لە ڕێی خوێندنەوەی بەردەوامو بەگۆڕ خۆی خۆی پێبگەیەنێ ، تا زیاتر دەرک بە جیهانی سەرسەختو خێرای ئەمڕۆی پڕ لە جمانو بزوتن بکات !

هەر بۆ هەمان مەبەست خوشکە بەخشان وتی :

ـ هەرچەندە ئەم پرسیارە داوای ئەوەمان لێئەکات کە نەخشەیەک بکێشین بۆ ئەم چەشنە ئافرەتە شارستانی خوازە ، بەڵام ئەمە لەلای من وبەڕای من زۆر نیگەرانو ناجایزە .. لەبەر ئەوە تەنیا دەڵێم : ئەبێ ئافرەت مرۆڤ بێ لە هەمو خوو باوەڕو هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتیەوە سەربەستو ئازاو ڕۆشنبیرو چاونەترسو دڵو دەرون پاکو مێشکفراوان تا بتوانێ بە تەواوی بەشداری لە بنیاتنانی شارستانیەتی ڕاستەقینەی ، ـ پیاووژن ـ دا بکات !..

کەچی خوشکە یاسەمین محمود بەرزنجەیی ـ دەرچوی زانستگای مستنسریە بەشی ئینگلیزی . بۆ هەمان پرسیارو مەبەست وتی :

ـ ئافرەتی هاوچاخو پێگەیشتوو ـ بەڕای من ـ ئەو کەسەیە کە بەپەری هۆشمەندیو زیرەکیەوە شان بەشانی شارستانیەتی سەردەم ڕێبکاو دوانەکەوێ .. لەو پێودانگەی کە ئەمیش ـ ئافرەت ـ مرۆڤێکەو خاوەن سەربەستیی خۆیەتی ، لە خۆدوروستکردنو تێگەیشتنو تێکچڕژانی مەردانەی لەگەڵ کارەساتو ڕوداوی خێرای ئەم چاخە جۆشدراوە .. هەروا ئەو ئافرەتەیشە کە لە بازی دا هەبێ وبتوانی شایستەی هەر جۆرە ڕێزلێنانێک بێ ، لە هەر کۆمەڵێکو کۆڕی کزو بەزمەم دانا .. بێ ئەوەی ناوی (بەد) بکاو خەڵک بەچاوی فیزوبێزو سوکیەوە سەیری بکەن ... بەداخەوە ، هەندێ ئافرەتی وا هەن ، وا تێئەگەن ، کە گوایە ڕۆشنبیریو چاوکرانەوەو هاوچەرخیەتی لەوەدایە . کە دوا (مۆدە) لەبەرکاتیا بیبێتە ئەندامی یانەیەکی ئورستوقراتی بەرز . یا ئافرەت زۆر جوانو لەبەرچاویش بێ، یا دەیەها قات کەلوپەلی نایابو ڕازاوەی هەبێ ، بەڵام ئەگەر هاتو ڕۆشنبیریەکی باشو خوو ڕەوشتێکی ڕەوانو شیرینی نەبو ، بەڕای من ،لە (بووکە شوشە) یەک زیاتر نیە ، کە لە پێشانگایەکی بازاڕی کڕینو فرۆشتنا هەڵواسرابێ !.

دواپرسیار دەربارەی (دەس نیشان کردنو بەراوردی باری کۆمەڵایەتی ئافرەت لە ژێر سایەی هەردوو ڕژێمی سەرمایەداریو وسوشیالیستی) ئاراستەی خوشکە املو یاسەمین کرا خوشکە امل وتی :

ـ ئافرەت ـ بەگشتی ـ لە ڕژێمی سوشیالیستیدا وەزعی گەلێ گەلێ باشترە لەوەی ڕژێمی سەرمایەداری ، چونکەم هەم نرخو قیمەتی خۆی پێدراوەو هەم کەرامەتو مافی پارێزراوە، کەچی هێشتا لە ڕژێمی سەرمایەداری گەندەڵدا هەر بە چاوی (کوتاڵ) سەیری دەکرێ !

خوشکە یاسەمین کۆتایی بەپرسیارەکە هێناو وتی :

ئەوەی جێگەی دوودڵی نیە ، ئەوەیە : کە وەزعی ئافرەت لە ڕژێمی سۆشیالیستیدا یەکجار باشەو جێی بەراورد کردنی بۆ نیە لەگەڵ ڕژێمی سەرمایەداریدا ، چ لە ڕووی سەربەستی کارو جموجۆڵی کۆمەڵایەتیو سیاسی ، چ لە دەستەبەرکردنی مەسەلەی دایکایەتیو ساوایەتی .. بە لێکدانەوەی من ، هێشتا ئافرەت بەتەواوی ئەو مافەی نەدراوەتێ ـ لەڕژێمی سۆشیالیستیدا ـ کە ئایدیۆلۆژی سۆشیالیست دانی پیاناوە .. لەو دیوی تر،لە دنیاو کۆمەڵە سەرمایەدارێشدا ئافرەت هێشتا هەر حیسابی (کوتاڵ)ی بۆ ئەکرێو لە تیۆری (کوتاڵ) بەدەر نیە، هەر چەندیش هەندی سەربەستیی ساختەو ماکیاج کراوی ڕوکار وا ئەینوێنێ کە گوایە : زۆر سەربەستو مافڕەوایە .. !

پاشماوەی : هونەرو فۆلکلۆر

بەشێوەیەکی لایی‌و نادیار بێ بەوەی مرۆڤ ڕاستەوخۆ هەست بەبوونی بکات وەک پێشانگایەکی دەروونیو ڕەنگدانەوەی لاشعوری مرۆڤایەتی . بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە باسەکەمانەوەیە ، تەنها لای جوانیو هونەرییەکەیەتی کە لە سەرانسەری سەدەکانداو هەتاکو ئیستاکەشو دوارۆژ ، ئەو هونەرانە ، بێگەردی ڕەنگەکانیو زۆریو بەربڵاوی کەرەستەکانی ئەپارێزێتو هەمیشە ئەبێتە هەوێنی لەدوا نەهاتووی هونەری سەدەکان . ئێمە کە سەرنج لەشێوەو ڕوخساری هونەرە فۆلکلۆرییەکان ئەدەین روو بەڕووی ئەو نەریتو زروفانە ئەبین کە سێبەری خۆی کێشاوەتەسەری هەروەکو تووشی ساکاریو زگماکی ئەم هونەرە بین لە تۆی ئەندێشەو خەیاڵی پیاوێکی میللیو ئاواتو ڕێبازی لە دەربڕینی هونەریدا بەوپەڕی نەبەزییەوەو بێئەوەی سل لەیاسا هونەریو سنوورە کێشراوەکانی بکاتەوە . ئەوەی سەرنجمان ڕائەکێشێ لەنیگارە فۆلکلۆرییەکان :

دیاری‌نەدانی سروشتە لەو بەرهەمانەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، بگرە لەشێوەی ئەندازەیاریو ڕازاندنەوەدا بەرچاومان ئەکەوێت وەکو بەرهەمەکانی تابلۆیەک لە بەکارهێنانی گەڵا درەختێک یان باڵندەیەک وەک ئەیبینین لە مافووری لادێیو خشڵو بەرگی خۆماڵی .

بێگەردی ڕەنگو نەترسی لەکێشانی هێڵەکانو ڕێکوپێکیو گونجاوی تابلۆ فۆلکلۆرییەکان بۆتە هاندەری زۆر لە هونەرمەندانی ئەم سەدەیەمان ، پەیتا پەیتا لەسەرچاوەکانی هەڵدێنجێنو بەتایبەتی لەساڵی (١٩٢٥)دا کە پێشانگایەکی تایبەت بەهونەری (حضارە) کۆچەرییەکان بەرپاکرا ، خەڵک بەگشتیو هونەرمەندانیش بەتایبەتی چاویان بە هونەرێکی نوێ هەڵهێنا کەگرنگیو جوانیو مەزنییەکی جیاوازی هەبوو لە هونەری مۆزەخانەکانی جیهان کە بەرهەمی زانستو دیاریو تەکنۆلۆجیایەکی پێشکەوتە . بێگومان لێکۆڵینەوەو پشکنینەکانی زانایان لە ئەشکەوتە دێرینەکانو (حضارە)کۆنەکان دەلاقەیەکی فراوانی لەهونەرمەندی نوێ کردەوە کەهەمیشە عەودالو وێڵی هەوێنێکی نوێیە بۆ هونەرەکەی .. ئەو پشکنینو دۆزینەوانە کۆنترین تاقی کردنەوەی دەربڕینی هونەری نایە بەرچاوی هونەرمەندی ئەم سەدەیەو کاریگی زۆریشی‌کردە ڕێڕەوی هونەری سەدەی بیست وەکو لە تابلۆکانی گۆگان میرۆ مودلیانی ڕۆسۆ کاندنسکی پیکاسۆ جۆرج رووە پۆڵ کلی دەرئەکەوێت . هەروەها لە نیگارە ساکارەکانی ماتیاس و دوفیو وشاگال یەکجار دیارو لەبەرچاوە . بە جۆرێک هونەرمەندان وا شەیدای هونەری فۆلکلۆری بوون کە زۆر تەکنیکو ڕێبازی سەیریان بەکارئەهێنا بۆ گەیشتن بەو ساکاریو ڕاستەوخۆیی‌یەو ڕەسەنییە کە لە هونەری فۆلکلۆریدایە . بۆ نموونە هەنری ماتیاس ١٨٦٩ـ١٩٥٤ وازی لەڕێبازی ئەکادیمی هێناو کەوتە دۆزینەوەی هێڵی‌ساکارو کورتکراو بۆ گەیشتن بە گەوهەری شاراوەو مەبەستی روون ، هەروەها (راوول دوفی) شارەزاییو کارزانی خستەلاوەو بەشێوەیەکی نەزان نیگارەکانی ئەکێشا ، بگرە زۆرجار دەستی چەپی بەکار هێناو هیچ گوێشی نەئەدا بە یاساکانی بینین (قوانین‌المنظور) بۆیە تابلۆکانی جیهانی منداڵو ئاوازێکی ئەفسوناوییان ئەدایە [illegible] گۆی ، هەروەهاش (مارک شاگال)یش خۆی هەڵدایە باوەشی ئەندیشەو خەیاڵو خەوو ڕوانینەوە (الرؤیة) ، هەر بەو جۆرەش پەیکەرتاش هەنری مۆر تاشراوەکانی لاسایی‌بێتو پەیکەرەکانی قوڵەڕەشو دروست‌کراوە (میللی)یەکان ئەکاتەو بەڵام (پاپلو پیکاسۆ) لەقۆناخی (قوڵەڕەشی)دا هەردووجیهانی خەیاڵو واقعی پێکەوە گرێداوە . (ڤاسیلی کاندنسکیو [illegible] میرۆ نیگارەکانیان بەشێوەیەکی تەجریدی لەبازنەی هۆشی منداڵدا ئەخولێننەوە ، بەڵکو ڕەنگەکانیشیان ڕەونەق دارو ساوێلکەن کە ڕاستەو ڕاست لەچاوی سەیرکەردا ئەڕوێنو جۆرە (انفصالیکی) تایبەت بەهەستو دەروون ئەبەخشن ، بەڵام (پۆڵ گۆگان) لە لەفەرنساوە هەڵاتو ڕووی‌کردە دورگەی (هایتی)و تێکەڵاوی ژیانی ساکاری ئەوێبوو . لەوێ گەلێک شاکاری لەپاش خۆی هێشتەوە لەنیگارو پەیکەر کەشایانی شانازیی مرۆڤایەتییە بێگومان خووی تیژو نەریتو جۆری سەرنجو ژیانی هایتی هەمووی لەتابلۆکانی (گۆگان)دا تۆمارو ڕەسەنی هونەری فۆلکلۆریو کاری تەواوی لە هونەری نوێدا ساخ ئەکەنەوە .

پاشماوەی : دووەم میهرەجانی

ناق، وتاریکی بەناوی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵە خوێندەوە تیایدا داوای دروستبوونی یەکێتی هاوکاری یەکی دلسۆزانەی کرد لەنێوان گشت ئەدیب‌و شاعیرو ڕوشنبیرانی کورد لەپێناوی پێشخستنی باری ژیانی ئەدەبی‌و ڕوشنبیری کوردیدا .

دوا بەدوای ئەو لەلایەن ئەم برایانەوە دەست بەشیعر خوێندنەوە کرا :

مەغدید سۆران ، دڵشاد عەبدوڵلا ، جەمیل ڕەنجبەر ، محسن ئاوارە، جەوهەر کرمانج خالید جوتیار ، فەرید زامدار . سەعدوڵلا پەرۆش ، عومەر محەمەد بەرزنجەیی ، سابیر گۆران ، جەلال محەمەد .

پێناسی ئاهەنگ کاک هیوا سەرهەنگ ، پەیتا پەیتا پارچە شیعری شۆڕشگێری دەخوێندەوەو هەروەها چەند بروسکەیەکیش لەرێکخراوەکانی لقی هەولێرەوە هاتبو وەکو . « کۆمەڵی ڕوشنبیری کوردی ، یەکێتی نوسەرانی کورد ، ئافرەتانی کوردستان ، ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان ، یەکێتی قوتابیانی کوردستان ، هتد ... پێشکەش کران .

لەکاتی پشوودانیش هونەرمەندی دەنگخۆش کاک محمد جزا چەند گۆرانییەکی بەسۆزی پێشکەش کرد .

بەم شێوەیە میهرەجانەکە لەسێ سەعات زیاتری خایاند . ئەوەی شایانی باسە ، ئەمە یەکەم چالاکی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەیە کە بەر لە مانگێک بەهەڵبژاردن پێکهاتن ، هیوادارین ، هەردەم بەردەوام بن بۆ خزمەتکردنی ئەدەبی کوردی .

پەیامنێری هاوکاری
لە هەولێر

پاشماوەی : سەربەستی ئافرەت ..

بۆمان دەرئەکەوێت کە سەربەستی ئافرەتو یەکسانی لەتەک پیاودا شتێکی مەحاڵەو بگرە هەر بەوجۆرەش ئەمێنێتەوە ئەگەر بەشداری نەکات لەبەرهەم هێناندا‌و لەکۆتو پێوەندی ئیشو فرمانی ناوماڵ دەرباز نەبێت ، کە کارێکی تایبەتی‌یە .. »

لێرەدا ئەنگلس زۆر بەئاشکرا دەست نیشانی ڕێگەی سەرفرازی ئافرەت ئەکات وئەی سەلمێنی کە بەشداربوونی لەبەرهەم هێنانو خەباتی چینایەتیدا نەک هەر پرولیتاریا بەڵکو کۆمەڵ بەگشتی ڕزگار ئەکات ، بەڵام ئەم ڕایە ئەوە ناگەیەنێت کە بەتەنها خەباتی چینایەتی لە ئەستۆیەتیو بەس ، بەڵکو ئەبێت هەمیشە دەورێکی چالاکانەش بگێڕێت بۆ سازدانو تیژ کردنی پەروەردەی ئایدۆلۆژی دژی سەقافەتی بۆرژوایانە کە هەمیشە بەبەستی‌یە ئافرەت بکاتە کۆیلەیەکی چەوساوەو زۆر لێکراو ، بەتایبەتی لەکۆمەڵی سەرمایەداری‌یا کە پلەی چەوسانەوە گەیشتوتە پۆپە .

لێرەدا پرسیارێکی مەنتیقی خۆی ئەسەپێنێ ، ئەویش ئەوەیە : ئایاگوزەران وژیانی ئافرەت چۆنە لە سایەی ڕژێمی سۆشیالیستیدا ؟

وەڵام دانەوەی پرسیارێکی وا پێویستی بەوەیە ئاگاداری چۆنیەتی ژیانی ئافرەت بین لەو کۆمەڵەدا ، لەهەمان کاتیشدا پێویستی بە شارەزاییو هەڵسەنگاندنی ڕادەی گەشەکردنی ڕژێمەکە هەیە .

ئەوی بیەوێ ئاگاداری گوزەرانی ئافرەتی کۆمەڵی سۆشیالستی بێت ، مەرجە ئەو حەقیقەتە بزانێت کە سوشیالستی قۆناغی یەکەمی کۆمونیستی یەو لەوقۆناغەدا ، چۆن ناکۆکی‌یەکانی نێوان لادێو شارو ناکۆکی نێوان ئیشی دەستو ئیشی مێشک ئەمێنن ، ئابەو جۆرەش ناکۆکی نێوان ئافرەت وپیاو ئەمێنێ . بەڵام ئەرکی سەرشانی دیکتاتۆریەتی پرولیتاریا نەهێشتنی ئەو ناکۆکی‌یانەیە بۆ گەیشتن بەو قۆناغەی هەموو کەس بەپێی پێویستیی ، پێداویستەکانی ژیانی بۆ مسۆگەر ئەکرێت .

ـ ماوەیەتی ـ

پاشماوەی : چەند سەرنجێک لەبارەی ...

(دەوس)ە وورده وورده گۆرانی بەسەردا هاتبێو بووبێ بە (دۆس) و لەپاشان بووبێ بە (دۆسیە) واتە شوونو ئەسەر و بۆ (اضبارە) بەکارهێنرابێ چونکە ئەسەری خاوەنەکەی بە ووردو بارێکی تێدا دەپارێزێ .وەکوئەمە دەبێ ئەوەش دەبێ کە (دۆسیە) لەبنەڕەتدا فارسی بێتو لە (دوسانیدن) ـ دوسنندە ـ دوسیدە)ەوە هاتبێ (٥) کە مانای پێوە نووساندنو لێقایم کرندە دەگەیەنێ وەرنگە بۆیە بە (اضبارە) کوتراوە (دۆسیە) کەبریتی‌یە لەچەند پارچە کاغەزێکی پێکەوە نووسێنراو ، (شێخ سەلام)ی شاعیر ئەم وشەیەی ـدۆسیە ـ لە شیعرێک دابەکار هێناوە کە بەگوێ درێژەکە دەڵێ :

لە دۆسیەدا سابقەی نۆرە
دەنگی ناخۆشە ، مالی زۆرشۆرە .. (٦)

ماوەیەتی

Institut kurde de paris

کرۆبسکایا لە باسی لێنین دا

خاتو نادیجدا کرۆ بسکایا لە باسکردنی لێنینو ئەدەبدا ئەڵێت دوو رۆژ پێش کۆچی دوایی لێنین لە ئێوارەدا چیرۆکی « خۆشەویستی ژیان »ی جاك لندن - م بۆ ئەخوێندەوە کە تائێستا لەسەر مێزەکەی هەڵنەگیراوە . چیرۆکێکی زور نایابە . لە پۆشیوەو هیشتا مرۆڤ رێی بیابانێکدا کە بەفر دای تێی نەکەوتووە . پیاوێکی نەخۆشی زۆر برسی بەرەو روبارێکی گەورە ئەکەوێتەرێ . وردە وردە پەکی ئەکەوێتو لەرێ کردن ئەکەوێتو دەست ئەکات بە خۆخشاندن بەرەو روبارەکە . شان بەشانی ئەویش گورگێکی وەك ئەو برسی ئەکەوێتە خۆ کێش کردنو لێیان ئەبێت بەشەر . پیاوەکە سەر ئەکەوێتو نیوەمردوو نیوە شێت ئەگاتە ئەو جێگایەی بۆی ئەچوو . لێنین ئەم چیرۆکەی زۆر پێخۆش بوو . رۆژی دووەم داوای لێکردم درێژە بە خوێندنەوەی چیروکی جاك لندن بدەم . بەڵام لای جاك لندن شتی زۆر بەهێز لەگەڵ شتی زۆر لاوازا تێکەڵ ئەنی . چیروۆکی دووەمی جۆریکی تر بوو . چیرۆکێك بوو بە رەوشتی بۆرجوازییانە زاخاو درابووەوە : «کەشتی یەوانێك» پەیمانی بە خاوەن پاپوریکی دانەویڵە گویزەرەودا ، کە دانەویلەکەی بە قازانج بۆ بفرۆشێت وە گیانی خوێ لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئەم پەیمانەدا بەخت بکات . لێنین دەستێکی راوەشاندو دەستی کرد بە پێکەنین .

کرۆبسکایا ئەلێت ئیتر رێك نەکەوتەوە جارێکی تر شتی بۆبخوێنمەوە ..



چاو
لە شیعری فولکلۆردا

چاوت ئەستێرەو ئەستێرە
خزمەتێکمان پێ بسپێرە ..،
هەر ئەمرۆمان ماوە لێرە !
چاوت وەکوو چاوی مارێ
خۆت بۆم هەڵدە سەر دیوارێ
بابت بینم بەیەك جارێ
چاوو برۆت لێكدی زوێرن
هەروەك شاهان بە تەگبیرن
صاحبی تۆقو زنجیرن !
چاوت وەکو چاوی کەوێ
روومەت وەکو مانگە شەوێ،
لێکیان کردین کۆستیان کەوێ !

کۆ کردنەوەی
کامەران کەریم شارەزا

بۆتان ئەگێڕمەوە!

دوو پرتەقاڵم بۆبێنن

لەزەمانی تەیموری لەنگدا زۆرکەس ئیعدام ئەکرا نەریتیش وابوو هەر کەسێکیان ئیعدام بکردایە لەسەر سێدارەکە پێیان ئەووت ، بەرلەوەی بت خنکێنین چیت ئەوی پێمان بڵێ .. ئینجا ئەگێرنەوە جارێکیان کابرایەکی فێڵباز ئەگرن و ئەیبەنە بەرسێدارەکەو پێ ئەڵێن چیت ئەوێ تا بۆت بێنین .. کابراش نەختێك بیرئەکاتەوە بۆ ئەوەبزانی چی دەس ناکەوێ لەبازارا داوای ئەوە بکات ، ئەڵی : دوو پرتەقاڵم بۆبێنن ئەڵێن ئاخر پرتەقاڵ ئێستە وەختی نیەو دەس ناکەوێو دوای شەش مانگی تر پێ ئەگات ئەویش ئەڵی ئینجا مەم خنکێنین تا پرتەقاڵ پێ ئەگات !

ساگەڵ و ورشە

هەستێکی چینایەتی
ساکاری پۆلیسێك !

لە « ساحەی طیران » لە بەغدا لای پۆلیسێکی سەرجادە بۆ پەرینەوە راوەستا بووم ، کابرای پۆلیس بەدەست هەندێ ئوتوموبێلی رائەگرتو هەندێکی تریش لەچوار رێیانی ئەم « ساحە »یەدا بەرێ ئەکرد . لەوکاتەدا ئوتوموبێلێکی سەوز رەنگی تازە لەشەریکە دەرهاتووی ڤولڤونیشان لەسەرخۆ بەلایا رەت بوو ، خاوەن ئوتوموبێلەکە لاوێکی جوان خاسی لاجانگ درێژی پۆشتەو پەرداخ لەپشت سوکانی ئوتوموبێلەکەیەوە دانیشتبو ، بێباکانە ئوتوموبیلەکەی بەرەو مەنزڵ لێئەخوڕی ، لەپشت خۆیەوە کوڕێکی لەخۆی لاوتر دانیشتبوو ئەویش هەندێك رێكوپێك سەگێکی پاکو خاوێنی موو قاوەیی بریسکەداری زەبەلاحی لەباوەشدا بووە سەگ لەگەرما زمانی بستێك هانیبوە دەرەوەو ملی بەرز کردبووەو فیزەوە بەرەوپێش ئەیڕووانی .

پۆلیس کە ئەو دیمەنەی دی کەوتە جنێو دانی ناشیرین بەلاوی سەگ لەباوەش گرو وتی : ئەم وا لێکراوی وا پێکراوە ئاخۆ بەبیست دینار لەشەریکەدا ئیش ئەکات، بووە بە سەگەوان .

سەیر ئەوەیە جنێوێکی بەخاوەن سەگو ئوتوموبیل نەدا . بێگومان وا تێئەگات کە نابێت فەقیرو هەژار بۆ بیست دینار سەر بۆ خاوەن پارەو خاوەن شەریکە شۆڕ بکەن ، جگە لەوە جنێوەکانی پۆلیسەکە بەنۆکەرانی شەریکە خێرا ئەو مێژووە دوورو درێژەی شەریکە کۆنەکانی بێگانەو سەرمایەدارە مۆنۆپولییەکانی خۆمانمان بیر ئەخاتەوە کە بوو بوون بەنمونەی زوڵمو زۆرکردنو چەوسانەوەی کرێکارو هەژارانی وڵات .

وەیس

منداڵ و سینەما

- ئایا سینەما بۆ منداڵ ، سوود بەخشە یان زیان بەخشە ؟!
- بۆچی لە کۆمەڵی ئێمەدا ، دایكو باوك پێیان ناخۆشە منداڵەکانیان بچن بۆ سینەما ؟
- جیاوازیەکی زۆر لەبەینی فلیمی سینەمایی گەورەو فلیمی سینەمایی بچوکدا هەیە .

نووسینی : ڕەنج

زۆر جار گوێمان بە گلەیی دایکێك یان باوکێك ئەزرینگێتەوە کە :

(منداڵەکەی لەرێ دەرچووەو چێسانە زوو زوو بەرەو سینەما ئەکەوێتەرێو پارەیەکی زۆریش بۆ ئەم مەبەستە لەناو ئەدات و ...)

بەڵێ زۆربەی منداڵان چونە سینەمایان لەژەمی نان خواردن لا گرنگترەو زۆر جاریش گوێ رایەڵی دایكو باوکیان نابنو گوێ بە (سەرزەنشتو هەڕەشەیان) نادەنو بەرەو سینەما تا مەزرۆیانە ئەکەونەرێ ، هەر وەکو ئالوشی ناو شانی خۆیان بەوەدابمرکێننەوە .

لێرەدا ئەبێ بەشێوەیەکی پوختە بۆمان دەربکەوێتو بزانین :

ئایا سینەما بۆ منداڵ سود بەخشەو بەهێنەریکی بزوین - دا ئەنرێت بۆ ئەوەی لە شاڕێیەکدا بەرەو مەڵبەندی ارنیاری و ... بیانخاتەرێ ؟ وەیان ئایا بێ بەزیییانە قوازخەی ژیانیان ئەپلیشێنێتەوەو لە شەوەزەنگێکی بەددا کوشندانە لە کوێرەڕێیەکەوە بەرەو کۆرەشیوێکی قوڵیان ئەیان خاتە رێ ؟

ئەو فلیمانەی کە شەڕو (شەڕی زۆران بازی - شمشێر - و ...) توپیی و تاوانو تۆڵەو غاردانێو فەوتاندنو .. تێدابێت ئەوە بەبێ سێو دوو لەلایەن منداڵەکانەوە پەسەند ئەکرێت .

زۆر بینینی ئەو فلیمانە لەوانەیە زەرەرێکی زۆر بەهەندێ منداڵ بگەیەنێ . بەڵام سودەکەی ئەوەیە کە ئەبێتە هۆی (بڵاوە پێکردنی) تورەییو قینە بەرایەتیو ئەوشتانەی کە لەدڵیا گێنگەڵە ئەخۆن ، واتە لەپیش خواردنەوە رزگاری ئەکات ئەمەیش زانا دەروونییەکان پەسەندیان کردووە .

هەروەها سود بەخشیشە بۆ ئەو منداڵانەی کە بە فەرمانی دایكو باوکیان : ئەبێ زۆر زۆر هێمنانە یاری بکەنو کەمیش ئەم لاو ئەو لا بکەن چونکە لەکاتی بینینی ئەو فلیمانەدا هەست بە جوڵانەوەیەکی بەردەوام ئەکەنو لە خۆشییەکی بێشوماردا ئەژینو چێژیکی چاکی لێوەر ئەگرن .

ئاشکرایشە ئەگەر لەفلیمەکەدا خێر بەسەر شەڕا سەر بکەوێت ئەوە تووی خێرو چاکە لە دەروونیانا ئەچەندرێ و مەڵاشویان بەکارو فەرمانی رەوا هەڵ ئەدرێتەوە . بەڵێ بەهۆی فلیمی چاکەوە فێری رەوشتی پایە بەرز ئەبنو لەهەندێ تاوانو لەرێلادان دور ئەکەونەوەو زۆرشتیش فێرئەبنو مەودای زانیاریو بیرکردنەوەشیان فراوانتر ئەبێت .

لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێت کە ئەبێ لە منداڵەکانمان بێ ئاگا نەبین و ئەو فلیمانەی کە چاکە بۆیان دەس نیشان بکەینو زۆر جاریش خۆمان بیانبەین بۆ بینینیان چونکە ئەبێ سڵبکریتەوە لەو فلیمانەی کە لەپێناوی (تاوانباریو جنسو تلیاك کێشانو قومارو رەوشت نزمی دان) یان لە (پێناوی تۆڵە سەندن لەسەر شتێکی زۆر بێنرخ وپوچدان) چونکە زۆر نزیکە کە هەندێك لە منداڵەکانمان لاسایی ئەو کارو روداوە ناپەسەندانە بکەنەوە کە لەفلیمیکی بێنرخدا ئەیبینین وەیان بەهۆی فلیمەکەوە هەندێ شتی نابەجێ لەبیریانا چەسپ ببێت . بێگومان ئەمەیش ئەبێتە هۆی تەفرو تونا کردنی خۆیانو کۆمەڵگاکەیان واتە ئەگەر زوو فریایان نەکەوین ئەوە کار لەکار ئەترازێتو پاشە رۆژێکی رەش چاوەڕوا نیان ئەکات .

جیاوازییەکی زۆر لەبەینی فلیمی سینەمایی گەورەو فلیمی سینەمایی بچوکدا هەیە .

فلیمی سینەمایی تایبەتی منداڵان ئەبێ بە شارەزاییەکی تەواو و بە نەخشەکێشانێکی بەجێو بەراوێژکردنی زانا دەرونیو مامۆستایانو باوکانو .. بەرهەم بهێنرێت . هەروەها تەمەنو شێوەی پەروەردە کردنی منالیش دەوری خۆی ئەبینێت .

لە دووا جاردا ئەبێ ئەوە بەمنداڵەکانمان بسەلمێنین کە زۆر چونە سینەما بۆ چاوو لەشو بیرو .. چاك نییە . چونکە هەموو شتێك لە سنوری خۆیدا چاکە .

جورج ئامادۆ بناسە



ئامادەکردنی : ڕەوا

جورج ئەمادۆ لە ١٠ی ئابی سالی ١٩١٢دا لەشاری « باهییا » لە بەرازیل ، لە خێزانێکی جوتیاری کاکاو هاتۆتە دنیاوەو لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا دەستی بەنووسین کردوە ، ئەڵێت : لەبەر ئەوەی من لە نارەحەتیو گیرەوکێشەیی ژیاندا قاڵ بووم ، وە هەموو جۆرە چەرمەسەرییەکم چەشتووەو لەناو هەزارو کرێکارو وەرزیرانا ژیاوم ، باش لەشێوەی گوزەرانیان شارەزا بووم ، هەموو نووسینەکانم لەم سەرچاوانەوە هەڵێنجاوە ، دیسان ئەڵێت : ئەو کاتەی کە تێکوشان دژی خاوەن موڵکە گەورەکانو سەرمایەداران گەیبوە پۆپەی من بەنووسینەکانم دڵ خۆشی گەلم ئەدایەوەو هەولم ئەدا کە باوەری گەلی بەرازیل پتەوو قایم تربێت بە سەرکەوتن وە من نووسینەکانم بۆ خزمەتی گەلو نیشتمانەکەمو چینە چەوساوەکانی تەرخان کردووە

- جۆرج ئەمادۆ ناوبانگی بەهەموو دنیادا بڵاو بۆتەوەو پەیوەندی لەگەڵ زوربەی زۆری نووسەرە پێشکەوتن خوازەکانی دنیادا هەیەو لەنووسراوە گرنگەکانی (تریزا پاتیستا کە تێکوشان هیلاکی کرد بوو ١٩٧٢) ئەم بەرهەمەی دووجار چاپ کراوەو دووەم جاریان پەنجا هەزار دانەی لێچاپ کراوە ، ئەمادۆ لەم چیرۆکەدا باسی بەسەرهاتی کچە وەرزێریك ئەکات کە لەبرسا ئەیفرۆشن بەخاوەن موڵکێکی گەورەو روداوی ژیان ئەیکات بە تێکوشەرێکی چالاکو کوڵ نەدەرو لەو رێگایەدا سەر ئەنێتەوە ، ئەم بەسەرهاتە ژیانی پر لە ژانی گەلی بەرازیلو جۆری تێکوشانی دژی دەرەبەگایەتیو سەرمایەداری ئەخاتە روو ، ئەمانەش هەندی بەرهەمی تری ئەم نووسەرەن (خەڵك لە ناهییا ١٩٣٤) (گەورەکانی رۆخ ١٩٣٧) (کاکاو ١٩٤٢) (زەوی بەرهەم زێرین ١٩٤٤) (شوانەکانی شەو ١٩٦٤) .

بڕوانە ل -٧-

گۆرانی کوردی بۆ دانیمارك

لە هەفتەی رابوردوو ترا موسیقازانی جیهانی « یۆرکان پلێتە » کە خەڵکی دانیمارکەو شارەزایی لە موسیقای گەلانی رۆژهەڵاتدا هەیە ، بەهوی سەردانەکەیەوە بۆ عیراق ، سەریدا لە شاری سلەیمانی ، لەوی چاوی بە هونەرمەندەکان کەوتو دەربارەی گۆرانیو مۆسیقای کوردی قسەی لەگەڵا کردنو دوو پارچە گۆرانی کوردیشی لەگۆرانیە فولکلوریەکان بەدەنگی عثمان شارباژیریو محمود صابونچیو موسیقای هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی تۆمار کرد .

سیزیفو مەرگ

شانۆگەری - سیزیفو مەرگ - نووسینی رۆبێر مێرل .. وەرگێرانی شەماڵ عبداللە .. دەرهێنانی فاضل قصاب ، بەرهەمێکی نوێی تیپی نواندنی سلێمانییە ... هونەرمەندان : هونەر ئەحمەد ، بەختیار اسماعیل ، پەیمان بەگۆك ، شەماڵ عبداللە بەشداری نواندنی ئەکەن .. وا چاوەڕوان ئەکرێت بەم نزیکانە لە تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار بکرێت .

بەرهەمی نووسەرە کوردەکانی یریڤان

ئەمساڵ کۆمەڵی لاوی کورد خوێندنیان لە ئەکادیمیەی رۆژهەڵات ناسی یەریڤان تەواو کردووەو نێرراون بۆ دەرسی مێژوو ئەدەبو هونەری کوردیو وتنەوە لە قوتابخانەکانی کۆماری ئەرمینیادا ، یەکێتی نووسەرانی کورد لەیەریڤان بریاری داوە یەك لەدوای یەك بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەم کۆمەڵە لاوە چاپ بکات .

لە دوورەوە • سنوور

ئەنجرید برگمان دەربارەی هونەرو رابوردو ئەدوێ

هونەرمەندی ناسراوی سویدی « ئەنجرید برگمان » کە ئیستە تەمەنی ٥٧ ساڵی ئەبێ ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا سیمای شۆخیو جوانی پێوە دیارە ، برگمان هەفتەی رابوردو لە گۆڤارێکی ئەڵەمانیدا دەربارەی سینەماو ساڵانی رابوردوو قسەی کرد بو ، تیایا وتبوی : تائێستە سێ جار شووم کردوە ، دوا مێردم « لارس شمدت »ی سویدییەو ژیانێکی بەئارامو خۆشی لەگەڵا بەسەر ئەبەم ، دیسان وتویە :

باشترین فلیم بەشداریم تیاکردوە « کازاپلانکا » و « زەنگەکان بۆکێ لێئەدرێن »و « ئەنستاسیا » بوون . دەربارەی ژیانی منداڵی وتویە : تەمەنم دوو ساڵانە بو دایکم مرد وە لە ١٢ ساڵیشدا باوەکم کۆچی دوایی کردو لەلای پورم گەورەبوم لەو تەمەنەدا کەسێکم نەئەناسی لە هەستم تێ بگات ، لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا چومە قوتابخانەی شانۆ لە ستوکهوڵمو لەوێوە چومە جیهانی سینەماوە .



- ساگان -



- دیگوڵ -



- بریگمان -

فرانسوا ساگان پاریس بەجێ ئەهێڵێ

ئافرەتە نووسەرە بەناوبانگەکەی فەرەنسا « فرانسوا ساگان » کە لە ساڵەکانی پەنجادا بە کچە نازداری پاریس ئەناسرا ، لەم دواییەدا بڕیاری داوە فەرەنسا بەجێبهێڵێو بچێتە ئێرلەندە لای - دنیز -ی کوڕیو لەوێ نیشتەجێ ببێ ، ساگان لەم بارەیەوە وتویە : بۆیە ئەم بڕیارەم داوە ، تا بتوانم لە کوڕەکەم نزیك بمو ژیانێکی باشی بۆ زامن کەم ، بۆ ئەم مەبەستەش هەرچیم لە فەرەنسا شك ئەبرد فرۆشتم .

ئەوەی شایەنی باسە لەم دواییەدا رۆژنامەیەکی فەرەنسایی نووسیبووی کە ساگان هەموو کاتێکی هەر بە مەی خواردنەوە بەسەر ئەبات ، لەبەر ئەوە هەندێ لەو باوەڕەدان ساگان لەدژی ئەو قسانە فەرەنسا بەجێ دێڵێت .

●

فلیمێکی سینەمایی دەربارەی ژیانی دیگول

لە نووسینی « فردرێك فۆرسیث » فلیمێك دەربارەی ژیانی سەروکی پێشووی فەرەنسا ژەنراڵ دیگول دەرچوە کە ئەکتەرێ فەرەنسایی « ئاوریان کایلالو گران » دەوری دیگوڵی تیا ئەبینێ ، ئەوەی شایەنی باسە لەساڵی ١٩٦٣دا شەش جار هەوڵی کوشتنی دیگول درا ، جا ئەم رووداوانە ناوەرۆکی فلیمی ناوبراوەو نوسەری چیرۆکەکە لەوکاتەدا پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی رویتر بووە لە پاریسو بەوردی باسی ئەو رووداوانەی کردوە کە لەشکری نهێنی فەرەنسا دژی دیگول لەسەر چارەنووسی جەزائر بەرپایان ئەکرد .